**ئۆکتاڤیۆ پاز**

# بەردی سپی و ڕەش

**سان ژۆن پێرس**

# ئاناباز

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە:

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

**ئۆکتاڤیۆ پاز**

# بەردی سپی و ڕەش

**سان ژۆن پێرس**

# ئاناباز

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە:

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**



ناوی کتێب: بەردی سپی و ڕەش – و – ئاناباز
ناوی نووسەر: ئۆکتاڤیۆ پاز – و– سان ژۆن پێرس
وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٥٦
دەرهێنانی هونەری: حاجی دلاوەر
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە

بە هاوڕێیانم: د. فەرهاد پیربال و تەرزە خان

ئۆکتاڤیۆ پاز

# بەردی سپی و ڕەش

# ژیان و بەرهەمی ئۆکتاڤیۆ پاز

## OCTAVIO PAZ

ئۆکتاڤیۆ پاز لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری مەکسیکۆ لە دایک بووە. باوک و باپیری بۆ ئەو یەکەمین سەرچاوەی ڕۆشنبیری ئەو بوونە. باپیری ڕابەری بزووتنەوەی دانیشتووانە بنچینەییە مەکسیکییەکان بووە. ڕۆمانێکی دەربارەی سەردەمی پێش هاتنی ئیسپانیەکان بۆ مەکسیک و داگیرکردنی، نووسیووە، لەم ڕووەوە بە بەرگریکەرێک لە کولتووری بنچینەیی مەکسیک دادەنرێ. ئۆکتاڤیۆ پاز لە ناو کتێبخانەی دەوڵەمەندی باپیری گەورە دەبێ، بەم پێیە ئەو چەشە و ئارەزووە کولتوورییەی لا دروست دەبێ گرینگی بەو سەردەمە بدا. هەرچی باوکیەتی، پارێزەرێک بووە و یەکێک بووە لەو کەسانەی کەپێشەنگ بوونە و بانگەوازییان بۆ ڕێفۆرمی کشتوکاڵی داوە.

بەشداری لە شۆرشی مەکسیکییەکان کردووە و کارشناسی سەرۆکی جوتیاران ئێمیلیانۆ زاپاتا بووە. لە مەنفا ژیاوە و، لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکان و نمایندەی شۆرشی مەکسیکی بووە. لە ناو بزووتنەوەی کارگەر و سۆسیالیستی باکوری ئەمەریکا لەو سەردەمە پاز منداڵ بووە و زۆر کاریگەری لەسەری بەجێهشتووە. بە هەمان شێوە کاریگەری دایکیشی کەمتر نەبووە، کە ژنێکی موهاجیری ئەندەلوسی بووە.

ژیانی ئەدەبی پاز زۆر زوو دەستی پێکردووە. ساڵی ١٩٣١ گۆڤاری (Brandal) دەردەکا. لە ١٩٣٣ (Les Cahiers du Val de Maxico) لەگەڵ یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی (مانگی دارستانی) ئینجا (لەبەر سێبەری ڕوونت.) پاشان کۆمەڵە شیعری (ڕەگەکانی مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوە. ئەم دووانە ساڵی ١٩٣٧ چاپ کراون.

ئەم شیعرانەی سەردەمی گەنجی پاز بریتین لە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕوانینە



جوانیەی کە لەو سەردەمە لە ئەمەریکای لاتینی هەبووە، وەک کاردانەوەیەک دژی ئەو ئازادییەی کە لەلایەن پێشەنگە یەکەمەکان قەتیس کرابوو، گەڕانەوەیەک بووە بۆ نیزام و هەستیارییەکی سەمبۆلی و هارمۆنیزاسیۆن و فراژی بوون و هەست بەمەزنی کردنێکی (Sublime) ڕوون و ناسک لەناو شیعری سەردەمی گەنجی پاز کاریگەری شیعری بارۆکی ئیسپانی دەدۆزرێتەوە. وەک: کێڤێدۆ، گونگۆرا، هەروەها شاعیری مەکسیکی (سۆر ژوان ئینێش دولا کروث).

پاز لە ساڵی ١٩٣٧ لە ناوەڕاستی جەنگی براکوژی ئیسپانیا بەشداری لە کۆنگرەی نووسەران دەکا لە مەدرید. چاوی بەمیگێل هێدناندێث، لوی سێرنۆدا، ڕافاییێل ئەلبێرتی، پابلۆ نیرۆدا و سێزار پالێژۆ دەکەوێ. برادەرایەتی بێ هاوتا لە نێوان پاز و سێرنۆدا دروست دەبێ و تەنیا بە مەرگ دەوەستێ. ئەمەش لە کۆمەڵە شیعری (وشە ڕۆشنکەرەکان) هەستی پێدەکرێ، پاز ئەم کتێبە ساڵی ١٩٦٤ پێشکەش بە ئەو دەکا. پاز کە دەگەڕێتەوە مەکسیک ڕاستەوخۆ دەست بەکاری سیاسی دەکا و بەشداری لە دەرکردنی ڕۆژنامەی کارگەران دەکا کە بە ناوی (میللی- Populaire) دەردەچێ و لە هەمان کات سەرپەرشتی گۆڤاری (ئەتۆلیە) دەکا.

لەم سەردەمە برادەرایەتی دوورخراوە ئیسپانیەکان دەکا و لەهەمان کات بنیامین پێرێ و لیۆناردۆ کارینگتۆن دەناسێ و لەڕێگای ئەوانەوە پەیوەندی خۆی لەگەڵ سوریالیستەکان توند و تۆڵتر دەکا.

ساڵی ١٩٤٣ دەبێتە یەکێک لە گروپی دامەزرێنەری گۆڤاری (کوڕی دەست بڵاو-le fils prodigue) کە یەکەمین وەرگێڕانی شیعری لۆترپامۆن بەئیسپانی بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەژیێ. سەرەتا بە هۆی بورس (منحە)ێک پاشان بە هۆی کاری سادە و بێ مانا. لەم ماوەیە گرینگی زۆر بە شیعری یتس و کومینگ و گیلێن ولیەم کارلۆس ولیەم و ڕۆبێرت فرۆست دەدا. لە ساڵی ١٩٤٥ دەبێتە یەکێک لە دەستەی دیبلۆماتی وڵاتەکەی. لە ساڵی ١٩٤٦

تا ١٩٥١ لە پاریس دەژیێ و پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ سوریالیستەکان هەبووە. سەر لەنوێ چاوی بە پێرێ دەکەوێ و هاوڕێیەتی ئەندرێ برۆتۆن و شەحادە و هێنری میشۆ... دەکا.

لە ساڵی ١٩٥١ (لابرینتی تەنیایی) چاپ دەکا، کە بریتییە لەشیکردنەوەیەکی ورد و قووڵی واقیعی مەکسیک. لە ساڵی ١٩٥١ (بازی هەتاو) بڵاو دەکاتەوە. لە ١٩٥٢ سەفەری ژاپۆن و هیندستان دەکا و فەلسەفەی ڕۆژهەڵات بە قووڵی کاریگەری لێ دەکا. لە ساڵی ١٩٥٥ دەگەڕێتەوە مەکسیک و لە زانکۆی مەکسیکۆ وانە دەڵێتەوە. ساڵێک دواتر کتێبی (کەوان و شەشتار) بڵاو دەکاتەوە کە بیرکردنەوەیەکە دەربارەی تاقیکردنەوە و شیعرییەتی خۆی. بەشداری لە گروپی شانۆیی (شیعر بە دەنگی بڵند) دەکا و پیەسێک بە ناوی (کچی ڕاپاچینی) بڵاو دەکاتەوە کە سەرچاوەی ئیلهامەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆکێکی Nathaniel Hawthorne– لەم ماوەیە، بزووتنەوەی ئەدەبی پێشەنگی و هونەری پلاستێکی مەکسیکۆ بەسەرپەرشتی پاز بەڕێوەدەچێ.

ساڵی ١٩٥٧ یەکێ لە شیعرە هەرە ناودارەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە کە (بەردی هەتاو– Pierre de Soleil)[١].

لە ساڵی ١٩٦٠ کۆمەڵە شیعری (Liberte sur parole) سەر لەنوێ چاپ دەکاتەوە تەواوی شیعرەکانی پێش ١٩٥٨ دەگرێتە خۆی.

لە ساڵی ١٩٦١ کۆمەڵە شیعری (Versant Este) بڵاودەکاتەوە.

ئەم کۆمەڵە شیعرە لەو سەردەمە نووسراوە کە پاز سەفیری مەکسیک بووە لە هیند. ئەم سەردەمەش بە دەوڵەمەندترین ماوەی ژیانی ئەدەبی و هونەری و فیکری و سیاسی پاز ناسراوە. بۆ جاری دووەم ژن دەهێنێ و لەگەڵ ماری ژۆزێ نزامینی زەماوەند دەکا.

(١) ئەم قەسیدەیە لە لایەن ئەحمەدی مەلا لە فەرەنسییەوە کراوەتە کوردی و ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن دەزگای ئاراس وەک نامیلکەیەک چاپکراوە.



ساڵی ١٩٦٨ لە کارەکەی ئیستیقالە دەدا وەک پرۆتێستێک دژی ئەو قەتل و عامەی لە قوتابیانی مەکسیکۆ دەکرێ.

لەم ماوەیە کۆنفرانسی ئەدەبی و فیکری لە زانکۆکانی ئەمەریکا و ئینگلستان پێشکەش دەکا. ساڵی ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە مەکسیک و گۆڤاری (Plural) دادەمەزرێنێ، کە گۆڤارێکی هونەری، ئەدەبی، ڕەخنەیی و سیاسی بووە. وەک کاریگەرترین گۆڤار لە ناو کولتووری ئەمەریکای لاتینی ناسراوە.

هەمان ساڵ لە لایەن زانکۆی هارڤەرد داوای لێ دەکرێ سیمیناری ئەدەبی و فیکری پێشکەش بکا. پاشان ئەم سیمینارانە لە شێوەی کتێبێکی دەوڵەمەندکراو بەناوی (خاڵی بەیەک گەیشتن–Point de Con-vergence) بڵاو دەبێتەوە. لە ڕاستیدا ئەم کتێبە وەک تەواوکەرێکی تاقیکردنەوە ژیانی ئەدەبی و فیکری پاز خۆی دەنوێنێ کە لە کتێبی (کەوان و شەشتار) وەک سەرەتایەک کاری بۆکراوە. لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٨ کۆمەڵێک کتێبی شیعری و پەخشانی بڵاودەکاتەوە.

ساڵی ١٩٧٦ بە دەست تێخستنی دەوڵەت لە کاروباری گۆڤاری (Plural) پاز و دەستەی نووسەران ئیستیقالە دەدەن و گۆڤارێکی دیکە بە ناوی (Vuelta) دەردەکەن کە تا ئێستاش بەردەوامە و هەمان کاریگەری گۆڤاری پێشووی هەیە. پاز ساڵی ١٩٩٠ خەڵاتی نۆبل وەردەگرێ و تامردنی ساڵی ١٩٩٨ لە مەکسیکۆ دەژیێ.

ئەم هەڵبژاردنە لە سێ کۆمەڵە شیعری سەرەکی پاز وەرگیراوە کە لە دواوەی ئەم کتێبە نووسراون.

## لووتکە و قورسایی

درەخت هەیە بێ جوولەیە
هەشە دەڕوا
ڕووباری درەخت
لە سینگم دەدا
ئەمە شادییە
ورشەی سەوز
تۆ سوورت پۆشیوە
ختم
لە ساڵی گڕگرتوو
پەنگرە گۆشت
ئەستێرە مێوە
خۆر کە دەیخۆم
وەخت لەسەر نگونێکی ڕوونی
پشوو دەدا
باڵندەکان پۆلە سێبەرێکن
دەنووکیان شەو دروست دەکەن
باڵیان ڕۆژ ڕادەگرن
وەستاوی سەر لووتکەی ڕۆشنایی
لە نێوان جێگیری و سەرسووڕان
تۆ
سپی ڕوونی.



## لاوێتی

سپی تر
بازدانی شەپۆڵ
سەوزتر
هەر سەعاتێک
زەردتر
هەرڕۆژێک
مەرگ

## یانیش بۆ هیچ کەسێک

گیانێک
لە ناو درەختەکان چییە نیە
منیش
نازانم سەرم بۆ کوێ هەڵگرم

## دڵنیایی

ڕووناکی سپی ئەم لالەیە
ئەوەندە ڕاستەقینەیە
ئەو دەستە ئەوەندە ڕاستەقینەیە کە دەینووسێ،
ئایە ئەو چاوانەش وان کە سەیری ئەوەی نووسراوە
دەکەن؟

لە وشەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە،
ئەوەی دەیلێم دەبوورێتەوە.
ئەزانم کە زیندووم
لە نێوان دوو کەوانە.



## پشوو

لە ناکاو
هەندێ باڵندە پەیدا دەبن و
بیرێکی ڕاگوزەری ڕەشیش

هەراو هۆریای
درەختەکان،
هی قیتار و ماشێنەکان،
ئەم ساتەی ئێستە دەڕوا یا دێتن؟

بێدەنگی هەتاو
بە ناو پێکەنین و ناڵەناڵ تێئەپەڕێ.
چزووی خۆی
بەناخی بەردی بەردان شۆڕئەکاتەوە.

خۆری- دڵ، بەردێکە ترپەی لێدانی دێ،
بەردی خوێنینە ئەبێتە میوە:
برینەکان بێ ئازار دەبنەوە،
ژیانم هەروەک ژیان خۆی دائەچۆڕێ.

## برادەری

ئێستە کاتی کەوتنی بێ پایانی
کەزیبیەکانی ئەم لالەی سەر ئەم مێزەیە،
شەو پەنجەرە بێ سنوور گەورە ئەکا
تەنیام
ئامادەیی بێ ناو ئابلۆقەم دەدا.



## بزووتنەوە(*)

ئەگەر تۆ جوانووی عەنبەری
من ڕێگایەکی خوێنینم
ئەگەر تۆ یەکەم بەفری
من ئەو کەسەم کە پەنگری بەرەبەیان پێئەکا.
ئەگەر تۆ بورجی شەوی
من بزماری داغبووی هەنیەتم
ئەگەرتۆ خێزاوی بەیانیانی
من هاواری یەکەم باڵندەم
ئەگەر تۆ سەبەتەیەکی نارنجی
من چەقۆی خۆرینم
ئەگەر تۆ میحرابی بەردی
من دەستی ئاڵوودەم
ئەگەر تۆ خاکی خەوتووی
من نالی سەوزم
ئەگەر تۆ بازدانی ناگەهانی بای
من ئاگری شاراوەم
ئەگەر تۆ دەمی ئاوی
من دەمی کەفم
ئەگەر تۆ دارستانی هەوری

(*) نال– قصب. یراع– جۆرە قامیشێکە Raseau
قەوزە– لێرە مەبەست لەو قەوزەیە کە لەسەر بەردێکی تایبەتی شین دەبێ.

من ئەو تەورەم کە دەیانتوێنێتەوە.
ئەگەر تۆ شاری کافرانی
من بارانی پیرۆزم
ئەگەر تۆ چیای زەردی
من بازووە سوورەکانی قەوزەم
ئەگەر تۆ ئەو هەتاوەی کە قیت دەبێتەوە
من ڕێگای خوێنینم



## ناوەوە

بیرە شەڕانگێزەکان
ئەیانەوێ هەنیەم شەق کەن

بە ڕێگای کۆچی باڵندەکان
نووسین هەنگاو ئەنێ

دەست بە دەنگی بەرز بیر ئەکاتەوە
وشە لەگەڵ یەکێکی دیکە خۆی دەنگونجێنێ

لەو کاغەزەی لە سەری دەنووسم
دێن و دەچن ئەوانەی دەیانبینم

کتێب و دەفتەر
باڵەکانیان ئەنووستێننەوە و پشوو ئەدەن

ماوەیەکە لالەکانمان پێکردوون
وەک تەختێک وەخت دەبێتەوە و دادەخرێتەوە.

بازووە سوورەکان و ڕوخسارە گەشەکان
دێتە ناوەوەت و شەویش.

## بەردی سپی و ڕەش

سیما(*)

بەردێک دەچێنێ
لە بۆشاییی
بەرد بەرز دەبێتەوە
لە ناوەوەی
پیاوێکی پیر خەوتووە
ئەگەر چاوەکانی بکاتەوە
بەردەکە شەق دەبا
گەردەلوولەی باڵ دەنووک
لە سەر ژنێک
کە ڕادەکا
لە نێو چەپکێک پاییز.
بەردەکە دادەبەزێ
گڕ دەگرێ
لەسەرگۆڕەپانی چاو
گوڵ دەگرێ
لە ناو لەپی دەستی تۆ
قسە دەکا
بەهەڵواسراوی

(*) سیما: چینێکە لە گۆی زەوی کە بەردی سیلیکۆم و مەگنیزیۆمی تێدا زۆرە. شاعیر لێرە بەهایەکی ئەدەبی داوەتە ئەم دیاردەیە.



لە نێوان مەمکەکانت
زمانەکانی ئاو
بەردەکە پێدەگا
لە ناوەوە
تۆوەکان گۆرانی دەڵێن
حەوتن
حەوت خوشک
حەوت تیرەمار
حەوت دڵۆپی بەرد
حەوت وشەی
نووستووی
سەر تەختێک لە شووشە
حەوت دەماری ئاوین
لە ناوەڕاستی
بەردی
کراوە بەنیگا.

## رۆژێک لە ناو ئەو هەموو رۆژە

تۆفانی هەتاو
ئێمە هیچ نابینین بەڵام هەموو شتێک دەبینین،
لەشی بێ کێش ئەرزی بێ ئەستووری
سەردەکەوین یان دادەبەزین؟

لەشت گەوهەرێکە
تۆ لە کوێی؟
لەناو لەشی خۆت خۆت بزرکردووە.

ئەم ساتەی ئێستە. برووسکەیەکی بێ جوولەی بێ چرنووکە
سەرەنجام ئێمە هەموومان براین
ئەتوانین بە یەکتری بڵێین ئێوارەباش
هەتا ئێمەش مەکسیکییەکان بەختەوەرین،
بیانیەکانیش.

ماشێنەکان نۆستالژیان بۆ گیا هەیە
بورجەکان دەڕۆن
زەمەن لە خۆیەوە وەستا
دوو چاو بە دووامەوەن
کەنارێکی ئاقیقییە لە باشووری سووتاو
دەریایە لەسەر تاشەبەردی ڕەنگ تووڕەیی



تووڕەیی جۆزەردان و پاڵتوی هەنگی
خۆری دوور لە ئاسمان
تۆ کە تەماشای دەکەی
سەیری من بکە
بت کە سەیری هیچ کەسێک ناکا
تەماشای ئێمە بکە

ئاسمان دەسووڕێ و دەگۆڕێ و وەکو خۆی دەمێنێتەوە
تۆ لە کوێی؟
من بە تەنیا بەرانبەر خۆر و خەڵکم
تۆ لەش بووی، بوویە ڕۆشنایی، تۆ هیچ نی.
ڕۆژێک دێ لە ناو خۆرێکی دیکە پێتدەگەم
ئێوارە دادێ
چیاکان گەورە دەبن
کەس ڕۆژنامەکان ناخوێنێتەوە
لە بیرۆیەکان قاچەکان لێک ڕاکێشراون و والآن
کچە جاحێڵەکان وێڕای ئاخاوتن قاوە دەخۆنەوە
بیرۆیەکەم دەکەمەوە
دەبینم پڕە لە باڵی سەوز
پڕە لە کیفکە باڵی(*) زەرد
تایپەکان لە خۆیانەوە دەجووڵێن

(*) کیفکە باڵ، شاعیر مەبەستی لە گۆڕان و کەوڵ گۆڕینە. (حلول)

بێ وەستان هەمان حەرفی دەگمەن دەنووسنەوە.
شەو لەپشت باڵاخانە بەرزەکان چاوەڕێ دەکا
ئێستەش وەختی کابووسی مرۆڤخۆرییە
شەوی چڕنووک درێژ
تەنیا هاری لەنیگا یاداشت کراوەکان دەبینرێ
پێش ئەوەی بڕوا
خۆر گڕ لە ئێستە بەردەدا.

## خەتخەتۆکە

بە پارچەیەک ڕەژوو
بە تەباشیری شکاوم و قەڵەمی سوور
نیگاری ناوت دەکێشم
ناو–ی دەمت
نیشانەی قاچەکانت
لەسەردیواری هیچ کەسێک
لەسەر دەرگای قەدەغە
نووسینی ناو–ی لەشت
تاکو تیغی چەقۆکەم خوێنی لێ دێ و
بەرد هاوار دەکا و
دیوار وەک مەمک هەناسە دەدا.



## گرنگ

چەند دەستێکی خێرا و سارد
یەک لە دوای یەک
شریتەکانی سێبەر دەکێشنەوە
چاوم دەکەمەوە
هێشتا
زیندووە
لە دڵی
برینێکی هێشتا فێنک

## ئێرە

پێیەکانم لەم شەقامە
ڕەنگ دەداتەوە
لە شەقامێکی دیکە
گوێم لە پێیەکانمە
بەم شەقامە تێدەپەڕێ
کە
تەنیا تەم تێیدا حەقیقییە.

## ڕۆژ

وشەیەکی بەرینی ڕوونە
جیهان حەقیقەتە.
دەبینم،
لە ناو ڕوونی یەک دەژیم.

## ڕێگا

زیاتر لە هەوا
زیاتر لە ئاو
زیاتر لە لێوەکان
سووک سووک
لەشت شوێنپێی لەشتە.



## بەردەوامی

I

تاریک ئاسمان
زەرد خاک
کەڵەشێریش شەو دەدڕێنێ
ئاویش بە خەبەر دێ و دەپرسێ سەعات چەندە
با-ش بە خەبەردێ و دەپرسێ
ئەسپێکی سپی تێدەپەڕێ.

II

وەک دارستانێکی سەر تەختی گەڵایین
لەناو جێگا بارانییەکەت دەخەوی
با لە ناو جێگاکەت گۆرانی دەڵێ
تریشقەش لە ناو جێگاکەت لە باوەش دەگری.

III

بۆنی تیژ پەنگ دەخواتەوە
جەستەکانی سەر کۆمەڵە دەشتێک
تاقە سپیاییەکی سەر ڕەگی نەبینراو.

IV

قسە بکە گوێ بگرە وەڵام بدەوە
ئەوەی تریشقە دەیڵێ
دارستان تێیدەگا.

V

له چاوەکانتەوە دەچمە ژووری
لەدمەوە دەردەچی
تۆ له ناو خوێنم دەخەوی
لەسەر هەنیەت بەخەبەر دێم.

VI

بەزمانی بەرد قسەت بۆ دەکەم
(تۆ بە هاوبڕگەیەکی سەوز وەڵامم دەدەیتەوە)
بە زمانی بەفر قسەت بۆ دەکەم
(تۆ بە باڵی هەنگ وەڵامم دەدەیتەوە)
بەزمانی ئاو قسەت بۆ دەکەم.
(تۆ بە گەمیەیەک لە برووسکە وەڵامم دەدەیتەوە)
بە زمانی خوێن قسەت بۆ دەکەم
(تۆ بە هەڵفڕینی باڵندە وەڵامم دەدەیتەوە)



## دوو جەستە

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
هەندێ جار دوو شەپۆڵن
شەویش ئۆقیانووس

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
هەندێ جار دوو بەردن
شەویش بیابان

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
ڕەگن هەندێ جار
لەشەودا بەڕەڵان

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
هەندێ جار دوو تیغن
شەویش دەچریسکێتەوە

دوو جەستەی بەرامبەر یەک
دوو ئەستێرەن، دەکەونە
ئاسمانێکی بێ پایان

## گردی ئەستێرە

لێرە پیرەکان ئاگریان دەچنی
لێرە ئاگر جیهانی دروست دەکرد
لە گەرمیان بەردەکان وەک میوە دەقڵێشێن
ئاویش پێڵوەکانی هەڵدێنێ
ڕۆشنایش لەسەر پێستی ڕۆژ هاژەی دێ
لەسەر دڵۆپێکی گەورەی زەمەن شەوق دەداتەوە و
ئەستوور دەبێ.

## شتەکان

لە تەنیشتمان دەژین
پێیان نازانین، پێمان نازانن
هەندێ جاریش لەگەڵ یەکتری قسان دەکەین

## دەست لێدان

دەستەکانم پەردەکانی بوونت دەکەنەوە
ڕووتییەکی دیکەت لەبەر دەکەن
لەشی لەشت دەدۆزنەوە
دەستەکانم
لەشێکی دیکە لەناو لەشت دادەهێنن.



## ئاگری هەموو ڕۆژێک

وەک هەوا
لەسەر لاپەڕەی ژێولۆژی
لەسەر سەکۆ گەردوونییەکان
ڕادێ و دەتوێتەوە
باڵاخانە نەبینراوەکانی:
مرۆڤە
زمانی بە ئاستەم تۆوێکە،
بەڵام سووتێنەر
بەرامبەر ناو لەپی فەزا
ئەو بڕگە پەنگرانەن
ڕووەکیشن:
ڕەگەکانیان
بێدەنگی شەق دەکەن
چڵەکانیان
پەناگا لە دەنگ دروست دەکەن.
بڕگەکان:
یەکتر دەگرن و لێکیش جیادەبنەوە
بە پێکچوون و وێکنەچوون یاری دەکەن.
بڕگەکان:
لە هەنیەکان پێدەگەن
لە دەمەکان گوڵ دەگرن

ڕەگەکانیان
شەو دەخۆنەوە، پەرتو دەخۆن.
زمانیان:
درەختە پەنگرن
گەڵاکانیان بارانن.
گیاوگوڵی برووسکە
جەبری زایەڵە
لەسەر گەڵای لاپەڕە
شیعر قیت دەبێتەوە
هەروەکو ڕۆژ
لەسەر ناو لەپی فەزا

## هاتوچوون

لەگەڵ کەوتنی کوێرانەی شەپۆل دەکەومە ناوت
هەروەک چۆن شەپۆل لە دایک دەبێ جەستەت
دەمگرێ
لە دەرەوە با گڤەی دێ و ئاوەکان کۆدەکاتەوە
گشت دارستانەکان درەختێکن.

شار لە گەرمەی شەودا پیاسە دەکا
خاک و ئاسمان و خێزاوی بێ وەستان
تووخمە بەڕەڵا بووەکان
بەرگی ڕۆژێکی نەناسراو دەچنن.



## تەواوکەرەکان

لە جەستەم تۆ لە گرد دەگەڕێی
خۆرەکەی لە دارستان نێژرا
لە جەستەت من لە گەمی بزربووی
ناوەڕاستی شەو دەگەڕێم.

## وشە لە شێوەی گەردەلوولە

*پێشکەشە بە جۆزێ ئێمیلیۆ پاچێکۆ*

ئەو پەنجەرە دەکەمەوە
کە دەڕوانێتە
هیچ لایەک
ئەو پەنجەرەیەی
کە بەرەو ناوەوە دەبێتەوە
با
لەناکاو سووک
بورجی لمینی گەردەلوولی
بەرز دەکاتەوە
گشتیان
بەرزترن لەم خانووە
لەسەر ئەم لاپەڕەیە
دەگیرسێنەوە
دەکەون و قیت دەبنەوە.

پێش ئەوەی هەر شتێک بڵێین.
لەگەڵ بە ئاستەم هەڵدانەوەی لاپەڕە
ڕەش دەبنەوە
گەردەلوولەکانی زایەڵە
بەسووڕانەوەیان
هەناسە هەڵدەکێشن و دەدەنەوە
ئێستاش
بەسەر شوێنێکی دیکەدا دەبنەوە
ئەوە دەڵێین
نەک ئەوەی گوتبوومان
شتێکی دیکە هەمیشە شتێکی دیکە
هەمیشە هەمان شت
وتەکانی شیعر
کەقەت ئێمە نایڵێین
شیعر پێمان دەڵێ.

## دوو لە ناو یەک

بە ڕووتی
دادەبەزێ
مانگ ژن
بەناو بیردا بە چاوەکانم



## جادەی ترۆبریج

1
خۆر لە ناو ناوەوەی ڕۆژ
ساردی لە ناو خۆر
جادە چۆڵەکان
ئۆتۆمبێلە وەستاوەکان
هێشتا بەفر نەباریوە
تەنیا با و با
هەمیشە لە هەوای بەستوو
دەسووتێ
درەختێکی بچکۆڵەی سوور
من قسە لەگەڵ ئەو دەکەم کاتێ قسەت لەگەڵ دەکەم.
2
من لە ژوورێکی چۆڵم شێواز لەبەری هەڵاتووە
تۆش لە ژوورێکی دیکەی وەک ئەمەیت
یانیش هەردووکمان
لە جادەیەکین نیگای تۆ چۆڵی کردووە
جیهان
بە نەبینراوی دەپچڕێ
یاداشتی
لێکترازاوی ژێر پێمان
لە ناوەڕاستی ئەم دێرە نەنووسراوە

دەوەستم.

3

دەرگەکان لە خۆیانەوە دەبنەوە و دادەخرێنەوە
هەوا
بەناو ماڵەکاندا دێتە ژووڕێ و دەردەچێ
هەوا
بە تەنیا قسە لەگەڵ خۆی دەکا کە قسەت لەگەڵ دەکا
هەوا
بێ ناو لە دالآنی بێ پایان
نازانین ئەوەی لێرە و لەوبەرە کێیە
هەوا
دەسووڕێ و دەگەڕێتەوە ناو کاژەلاکی بەتاڵی سەرم
هەوا
دەست لە هەر شتێ بدا دەیکاتە هەوا
هەوا
بە پەنجەی هەوایییەکانی ئەوەی دەیڵێم دەیرەوێنێتەوە
من ئەو هەوایەم کە تۆ سەیری ناکەی
نەمتوانی چاوەکانت بکەمەوە
دەرگاش دابخەم
گشت هەوایەکان بەتین بوون.

4

ئەم وەختانە شێوەی پشوویەکیان هەیە



پشووش شێوەی تۆی هەیە
تۆش شێوەی ئاوپژێنێک
نەک هی ئاو بەڵکو هی زەمەن
لە ترۆپکەی ئاوەکە
ڕۆشناییم بە شەققەی باڵ دەخەن
هەوبووم هەوم هێشتا هەونیم
ژیانم ناکێشرێ
ڕابردوو تەنک دەبێتەوە
داهاتووش بە ئاستەم لە چاوەکانتدا کەمێ ئاوە.

5

ئەوەتا تۆ شێوەی «پردی ئێستا» وەردەگری
لە بن تاقەکانت ژوورەکەمان کەشتیڕانی دەکا
لە بەرزاییت دەبینین
لە ناو با شەپۆڵ دەدەی و تۆ لەش بووی و تۆ
ڕۆشنایی،
تێدەپەڕیت
لەسەر کەنارەکەی دیکە
خۆر
بەسەرکێشی بەرز دەبێتەوە
ڕەگەکانی لەئاسمان دەنێژێ
دەتوانین خۆمان لە ژێر گەلآکانی بشارینەوە
بە چڵەکانی ئاگرێک دەکەینەوە

ڕۆژیش دەشێ ببێتە نشینگە.

6

ساردیی جیهان لە بزاڤ دەخا
شوێن شووشەیە
شووشەش هەوایە
هەرا و زەنا هەرە زرنگەکانیش
لە ناکاو  پەیکەرەکان دادەمەزرێن
زایەڵەش زۆریان دەکا و دەشیانڕەوێنێتەوە
لەوانەیە ببیکاتە بەفر
درەختی گڕگرتوو هەڵدەلەرزێ
هەمووی بە شەو گەمارۆ دراوە
کە لەگەڵ ئەو قسە دەکەم قسە لەگەڵ تۆ دەکەم.

**بەختەوەر لە «هەرات»**(*)

هەروەک چۆن ئەم دێرانە دەنووسم
بێ بیری ڕوون
هاتوومەتە ئێرە:
مزگەوتێکی شین و کەسک،
شەش منارەی نیوە ڕووخاو،
دوو یان سێ گۆڕ،
بیرەوەری  شاعیرێکی پیرۆز،

---

(*) هەرات: مەبەست لەشاری هەرات-ە



ناوی تەیمور و خزمەکانی

بە با-ی سەد ڕۆژە گەیشتم
هەموو شەوێک بە لم دایان دەپۆشێ،
گەمارۆی ئەنیەم دەدەن، پێڵوەکانیان سووتاندم
کازێوە:

بڵاوبوونەوەی باڵندەکان و
هەرا و هۆریای ئاوی سەر بەردیش
کە پێی جوتیارەکانن
(بەڵام ئاو تامی غوباری هەبوو)
پسە پسی ناو دەشت
پەیدابوون، گومبوون،
خۆڵە گەردەلوولەکان
بێ جەوهەر وەک بیرەکانم
هاتووچۆکانی
ژوورێکی هۆتێل یان نێوان گردەکان:
خاک گۆڕستانی وشتر و
لە نیگاکانیشمدا هەمیشە
هەمان ئەو ڕوخسارانەی کە لێکدەترازێن
با ، میری کاوڵگەکانە
ئایا تاقە مامۆستای منیشە؟
داماڵێن:

کەمتر هەڵدەکشێ و ئەمەندە و زیاتریش

لە مەزاری عابیدێک
بە قووڵی لەناو درەختێکی وشکدا
بزمارێکم چەقاند،
نەک
وەک ئەوانی تر، دژی چاو و زار:
بەڵکو دژی خۆم.
(شتێک دەڵێم:
ئەو وتانەی با هەڵیاندەگرێ.)
پاش نیوەڕۆیەک، سازش لەبەرزاییەکان.
بێ جێ گۆڕین
چنارە ڕەشەکان ڕۆیشتن.
خۆری سەر سواڵەتەکان
لە ناکاو بەهار.
لە باخچەی شازادەکان
بەگونبەتی پیرۆزیی هەڵدەگەڕام
منارە بە نیشانە کوتراوەکان:
نووسینی کوفی، ئەو دیوی پیتەکان،
ڕوون دەبنەوە.

نیگای بێ وێنەم نەبوو
نەمبینی شێوەکان بسووڕێنەوە



تا بوورانەوەی ناو ڕۆشنایی وەستاو.
بوونی بێ جەوهەری سۆفی
لە پڕی ناو بۆشاییم نەخواردەوە
سی و دوو نیشانەکانی بودیزاڤاتا-ی(*)
لەش گەوهەرم نەبینی.
ئاسمانێکی شین و تەواو شینم بینی،
لە سپییەوە بۆ سەوز
هەموو باوەشێنی چنارەکان
لەسەر کاژەکانیش، هەوا نەک باڵندە
پەڕەسێلکەی سپی و ڕەش
بینیم جیهان لەسەر خۆی وەستابوو
بینیم جیهان لە ناو خۆی وەستابوو
ناویش لەم ساتەی ئێستا دەنێم:
پوختەی بێ پایان.

(*) بودیزاڤاتا: ئاماژەیە بۆ بودا خۆی کە هێشتا نەگەیشتۆتە نیرڤانا و بە ئایدیالێکی بێ پایان (بودیزاڤاتا)ی پڕ لە حیکمەت (پراژنا) و دڵسۆزی (کارونا) خەڵوەتی خۆی ڕادەگرێ بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی لەسەر ڕێگای ئیشراقاتن (بودا).

## دەرکەوتن

ئەگەر مرۆڤ غوبار بێ
ئەوانەی ئەولا کە بە ناو دەشتدا دەڕۆن
مرۆڤ.

## نووسین

نیگاری ئەوحەرفانە دەکێشم
هەروەک چۆن ڕۆژ وێنەکانی خۆی دەکێشێ
فوویان لێ دەکا و ناگەڕێتەوە.

## ئەویتر

ڕوخسارێکی داهێنا
له دوای ئەو
ژیا ، مرد و زیندوو بۆوە چەندان جار.
ڕوخساری
ئێستە لۆچەکانی ئەو ڕوخسارەی هەیە.
ئەم لۆچانە ڕوخساریان نییە.



**تێبینی**: وشەی ڕۆژ، لەتەواوی ئەم هۆنراوانە بەرامبەر بە (النهار) و (اليوم) و (Le jour) بەکار هاتووە، نەک خۆر یان هەتاو.

## سەرچاوەکان

1- Octavio Paz, Le Feu de Chaque jour, poesie, Gallimard. Paris. 1986.
2- Octavio Paz. Librte, sur parole. poesie. Galimard. Paris. 1971.
3- Octavio paz. Vesrant Este. poesie. Galimard. Paris. 1971.

ناونیشانی ئەم کۆمەڵە شیعرە لەلایەن خۆم هەڵبژێردراوە
کە بریتیە لە ناونیشانی یەکێ لە شیعرەکانی ئەم هەڵبژاردەیە.

سان ژۆن پێرس

# ئاناباز

## پێشەکیی وەرگێڕ

سان ژۆن پێرس کە ناوی ڕاستەقینەی (ئەلێکسی سان لێژێ لێژێ)یە، لە ساڵی (١٨٨٩) لە دایک بووە و لە ساڵی (١٩٧٥) لە پاریس کۆچی دوایی کردووە. شاعیر ساڵی (١٩٦٠) خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرتووە.

سان ژۆن پێرس یەکێکە لە شاعیرە هەرە نوێخوازەکانی فەرەنسی. لە دوای رامبۆ و بۆدلێر، وەرچەرخانێکی گەورەی خستۆتە ناو نەخشەی شیعری نوێی فەرەنسی. بێگومان، ئەمەش لە سەردەمێک بوو، شیعری نوێی فەرەنسی ماوەیەک بوو کەوتبووە ناو جۆرە مەنگ بوونێک یان جۆرێک لە ئاژاوە و ئاپۆرەی جیهانی شیعری. تاقیکردنەوەی شیعری سان ژۆن پێرس لە سەردەمێک دەستی پێکرد (کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم) کە بەوەرچەرخان ناسراوە، ئەمەش لە تەواوی بوارەکانی هونەر و ئەدەب و ڕەخنە و گەشەسەندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەگشتی ئەو سەردەمە بەسەرەتای سەرهەڵدانی نوێخوازی ناسراوە.

دەتوانین دەیان نموونەی پڕشنگداری ئەم سەردەمە بە بەڵگە بهێنینەوە، وەک ئیلیەت و جیمس جۆیس و سان ژۆن پێرس و بزووتنەوەی سوریالیزم، لە بواری هونەری تەشکیلیش نموونەی وەک کاندنیسکی و تەکعیبییەکان و دەیانی دیکە.

سەرەڕای بزووتنەوەی سوریالیزم، دوای تاقیکردنەوەکانی رامبۆ و ڕەمزییەتی مالارمێ، سان ژۆن پێرس ناسراوترین شاعیری فەرەنسی سەدەی بیستەمە. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە، وەک بلیمەتییەک یان پێشەسازییەکی ناوێزەی ئەدەبی هەستی پێدەکرێ. شاعیر لە تەعبیرکردن لە ژیان و ستیلی ئەدەبی و هونەری خۆی، ئەوپەڕی تایبەتمەندی و ئازادیمان پێشکەش دەکات، یان پیشان دەدات. جیهانێک دروست دەکات شوێنی



هەموومانی لێ بێتەوە. سان ژۆن پێرس، بەدرێژایی ژیانی لە سلکی دیپلۆماتی کاری کردووە. لە ساڵی (١٩١٤) بەولاوە دەچێتە ناو ئەم بوارە. ساڵی (١٩١٥) وەک دیپلۆماتێک دەنێردرێتە چین. لەوێ لەگەڵ شاعیر و ئارکیۆلۆژ و ئیتنۆگرافی فەرەنسی (ڤیکتۆر سێگالا) یەکتر دەبینین و لە پەکین ماوەیەک دەژین. پاشان بەیەکەوە، ساڵی (١٩١٦)، سەفەرێکی درێژی ئاسیای ناوەڕاست دەکەن و تەواوی چین و وڵاتانی دەوروبەری دەگەڕێن. لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانی دووەم، وەک نێرراوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فەرەنسی بەشداری لەو مفاوەزاتانە دەکات کە حکومەتی فەرەنسی هەیبووە لەگەڵ هیتلەر، بۆ ڕێگرتن لەسەرهەڵدانی جەنگ، هەڵبەت، پێش دەست پێکردنی جەنگ.

ڕاستیەکەی وەرگێڕانی شیعری سان ژۆن پێرس، بۆ سەر زمانی کوردی و هەر زمانێکی دیکە، کارێکی تابڵێی قورس و پڕ زەحمەتییە.

شاعیر زمان و جیهانێکی مەلحەمی (داستانی یان داستان ئامێز)ی هەیە، بەڵام ئەم زمان و جیهانە زۆر هاوچەرخە. هەندێ لە ڕەخنەگرانی فەرەنسی لەگەڵ ئەوەدان کە شاعیر؛ زمانێکی خیتابی بەڵام شیعریی هەیە. ئەمەش لە زۆر ڕووەوە لە زمانی شیعری رامبۆ دەچێ. بەڵام هەریەکەیان شێواز و جیهانی خۆیان هەیە. بە چەشنێکی دیکە ئەم زمانە داستان ئامێزەی سان ژۆن پێرس، بەپێچەوانەی رامبۆ تێکەڵە بە ڕوخسار یان نیگایەکی سوریالی، بەگژ یەک خستنی کۆن و نوێیە. شاعیر بەو شێوازە شیعرییەی خۆی، وایکردووە خۆی لە دووبارە و سێ بارە کردنەوە و ڕیزکردنی وێنە و شێوەی ناچیزە و حازر بەدەست دوور بخاتەوە. کە سان ژۆن پێرس دەخوێنینەوە، هەست دەکەین نووسینی شیعر شتێک یان کردەیەکی زۆر گرانە. ئەو زیاتر جەوهەر و پەیوەندییەکانمان پیشان دەدات، ئەمەش لە دوو توێی زمانێکی ڕوون و هونەری. شیعر لای سان ژۆن پێرس، پیشە و نیگا و فیکرە، دێر بەدێر، دەزانێ خوێنەر دەباتە کوێ. لەم بردنە، هەوراز و نشێوی وا هەیە بوون و نەبوون تێیدا قەتیس دەمێنێ.

لەم تەرجەمە کردنە، کە ساڵێکی ڕەبەق پێیەوە خەریک بوومە، هەوڵمداوە هەموو زمانی کوردی بەگژ ئەم چامەیە بخەم، بەڵام شتێک هەیە، ناکرێ لە خوێنەری بشارینەوە، لەو شوێنانەی خوێنەر ڕادەوەستێ و دادەمێنێ، ئەمەیان پەیوەندیی بە ئەستەمی وەرگێڕانی شیعرەوە هەیە، ئەگەرچی من دڵنیام لەخۆم کە لەسەدا هەشتا تا نۆوەد تێیدا سەرکەوتووم، دەیەکەی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ستیلی شاعیر و مەسەلەی ئەستەمەکە.

ئەگەرچی من تا ڕادەیەکی باش شارەزایی جیهان و ستیلی شاعیرم و زۆرم هەوڵ داوە لەگشت کەلێن و قوژبنەکانی جیهانی شاعیر و ئەم شیعرە بگەم.

تەواوی شیعرەکانی سان ژۆن پێرس، چامەیی و داستانین.

سان ژۆن پێرس، ئەم چامەیەی (ئاناباز) لەساڵی ١٩١٦دا، لە چین نووسیووە. شاعیر وەک پێکچواندنێک (Analogue) سەفەرەکەی خۆی لە پاریسەوە بۆ چین و دواییش گەڕان و سەفەر کردن بەناو ئاسیای ناوەڕاستی بە فەتح و هێرش و گەڕانەوەکەی ژەنەڕالی یۆنانی، کسێنۆفۆن چواندووە، کە یاداشتەکانی خۆی بەناوی (ئاناباز) نووسیوەتەوە. بە کورتی ئاناباز واتە: هێرش بردن بۆ ناوەوە، یان گەڕانەوە، کشانەوە. کسێنۆفۆن لە فەتح و داگیر کردنەکانی کە بەگەڕانەوەی دەهەزار سەربازی ناسراوە، (٤٢١ پ.ز) لە یۆنانەوە بۆ ناوەڕاستی ئاسیا و لەوێوە گەڕانەوە بە کوردستان و گەیشتنەوە بۆ یۆنان وەک یاداشت هەمووی تۆمار کردووە. ئیتر، ئیلهام و ناونیشانەکە لەم حەشارگەیەوە دێت.

... ئیلیەت دەڵێ: من لەو بڕوایەدا نیم ئەم شیعرەی سان ژۆن پێرس پێویستی بەپێشەکی هەبێ. شەش جار بیخوێنەوە دوای ئەوەی پێی ئاشنا دەبی، لە گشت ڕوویەکەوە دەتوانی پێکهاتوو و هۆنینەوەی ئەم شیعرە (قەسیدە) هەست پێ بکەی.

پێرس وشەی ئاناباز–ی بەهەمان مانای کسێنۆفۆن – Xenopone–ی



یۆنانی بەکار هێناوە، هەڵبەت بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک هەبێ بۆ (سەفەری دە هەزار کەسی) و (ئاسیای بچووک) کە کسێنۆفۆن خۆی و سوپاکەی پێیدا ڕەت بوون. بەگشتی لێرەوە ئەوە دەخوێنینەوە؛ شاعیر دەیەوێ سەفەرێکمان پێ بکا، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم سەفەرە سەفەری گەڕانەوەشە بۆ ناوەوە، چونکە ئاناباز واتە گەڕانەوە بۆ ناوەوە، کە بەمانای گەڕانەوە بۆ وڵات دێ، بەڵام ئەوەی شاعیر ئەمەیە و هی یەکەمیشە، واتە گەڕانەوە بۆ ناوەوە.

شاعیر کە بەناو بیابان و دەشت و گوند و مێرگ و ڕەوەندەکانی ئاسیای ناوەڕاست گەڕاوە، هەمان ڕواڵەت و ڕوخساریشی داوەتە چامەکەی. کەرستەکان تەواو خۆرهەڵاتین، لەهەمان کات پەیوەندییەکانیش.

ئەم چامەیە لە دە بەش پێک هاتووە، شاعیر بە چەشنێک بینای چامەکەی داڕشتووە، لەهەر بەشێک باسی شتێکمان بۆ دەکات، سەرەنجام چیرۆکێکی تەواومان دەست دەکەوێت. داڕشتنەکە بە چەشنێکە لەسادە بەرەو ئاڵۆز بوون دەچێت، ئینجا کپبوونەوە و سادە بوونەوە، لێرەش دەبێ پێشبینی ئاڵۆزبوونێکی دیکە بکەینەوە.

ئەمەش ئەو حاڵەتە ژیاری و دەروونییەیە کە شاعیر لەتەواوی چامەکە دەیەوێ پێمان بڵێ، مەسەلەکە ئۆقرە نەگرتنێکی وجوودییە. بە چەشنێکی دیکە، دەتوانین ئەم چامەیە لەڕووی داڕشتنەوە بە سەمفۆنییەک بچوێنین، سەرەتا ئاوازێکی میلۆدییە، تەنیا بە ئامێرێک، بۆ نموونە وەک دەنگی فلووتێک، پاشان وردە وردە ئامێری دیکەی دێتە ناوەوە و ئاڵۆز دەبێت، لەبەشی دەیەمی شیعرەکە، تەواوی ئامێرەکان لە بزووتنن، پاشان کزبوونەوەیە و دەستپێکردنەوەی هەمان ئامێری سەرەتایە کە وتمان بۆ نموونە فلووتێکە، لێرەش خوێنەر خۆی ئامادە دەکات بۆ چوونەوە ناو هەمان ئاڵۆزی و بزووتنی تەواوی ئامێرەکان، هێشتا دەتوانین، بە نموونەیەکی دیکەش ئەم شێواز و داڕشتنەی شاعیر ڕوون بکەینەوە؛ سەرەتا تەنیا کزەبایەکە، پاشان گەواڵەو تۆفان و لافاو و بارانی بەلێزمەی تێدەکەوێ،

دوایی کپ بوونەوەیە و هەڵکردنەوەی هەمان کزەبای پاش بارانە. بەگشتی ئەو چیرۆک و جیهانەی لەم چامەیە هەیە کە بەزمانێکی داستان ئامێز و مۆدێرن دارێژراوە ئەم شتانەی خوارەوەیە: دانانی نەخشەی شار و بەرزکردنەوەی شار، خۆ پڕ چەک کردن و چەشەی داگیرکردن و هێرش بردن. نەخشە دانان و پلان بۆ داگیرکردنی ئەملاو ئەولا. سەرکەوتن و ژێرکەوتن. کۆچکردن و سەرەنجام ڕۆیشتن و ئۆقرەگرتن دوور لەشار و نشینگەی سەرەتا، واتە ئاوارە بوون، پاشان سروود و پاڕانەوەیە و هەوڵدانە بۆ سەرهەڵگرتنێکی دیکە.

هەڵبەت ئەم پێشەکییە کورتە، زیاتر وەک ناساندنێکە، بێگومان ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و ڕەخنەیی وردی بۆ بکەین، هێشتا قووڵتر بینەوە، شتی نایابتر و سەرسووڕهێنەرتر دەدۆزینەوە.

بەڵام لێرە ئەم بوارەمان نییە...

**موحسین ئەحمەد عومەر**

**پاریس**

# ئاناباز

## ستران

لەبن گەڵا برۆنزییەکان جوانووە ماینێک لە دایک دەبوو. پیاوێک مورتکی تاڵی خستە ناو دەستمان. بێگانە. کە تێدەپەڕی. ئەمەتەش بەو چەشنەی من دەخوازم هەراوزەنای هەرێمەکانی دیکەیە... «سڵاوت لێدەکەم کچەکەم، لەژێر بڵندترین دەرەختی ساڵ.»

*

چونکە خۆر دەچێتە بورجی شێر و بێگانەش پەنجەی خستە دەمی مردووەکان. بێگانە. کە پێدەکەنی. دەربارەی گیایەک قسەشمان بۆ دەکات. ئاه! ئەو هەموو شنەی هەرێمەکان! کە ئاسوودەگییە لە سەر ڕێگاکانمان، کە شەیپوورم پێ چێژە و قەڵەمیش زانایە بۆ ریسوایی باڵ...! «گیانەکەم، کچی گەورەم، ئێوە شێوازی خۆتان هەبوو کە هی ئێمە نین.»

*

لەبن گەڵا برۆنزییەکان جوانووە ماینێک لە دایک بوو. پیاوێک ئەو مورتکە تاڵانەی خستە ناو دەستمان. بێگانە، کە تێدەپەڕی. ئەمەش هەراوزەنایەکی زۆر لە ناو درەختێکی برۆنزی. زفت و گوڵەباغ، بەهرەی سروود! بروسک و فلووتی ناو ژوورەکان...! ئاه! لەو هەموو ئاسوودەگییەی سەر ڕێگاکانمان، ئاه! ئەو هەموو ڕووداوانەی ساڵ، «بێگانە» کەش بە شێوازەکانی خۆی بە ڕێگاکانی هەموو زەمیندا تێدەپەڕێ...! «سڵاوت لێدەکەم کچەکەم، لە ژێر جوانترین کراسی ساڵ.»



I

بەشکۆمەندییەوە خۆم لەسەر سێ وەرزی گەورە هەڵدەخەم، لەو خاکە ڕادەمێنم کە یاسای خۆمم لەسەری داناوە.

چەکەکان بەیانیان جوانن، دەریاش.

بە ئەسپەکانمان بەخشرا ئەو خاکە بێ تۆوەی کە لەلامان نرخی ئەو ئاسمانە بێگەردەی هەیە. خۆریش ناوی لێ نەنراوە، بەڵام هێزەکەی لە نێوانماندایە دەریاش لە بەرەبەیاندا وەک مەزەندەی گیانە.

ئەی توانا، تۆ گۆرانیت لەسەر ڕێگا شەوچەرەییەکانمان دەچڕی...!

بۆ توخمە ئەرخەوانییە پاکەکانی بەیانیان چی دەربارەی خەون دەزانین، کچی گەورەمان؟

بۆ ساڵێکی دیکەش لەگەڵ ئێوە! ئاغای گەنم، ئاغای خوێ، شتی گشتیش

لەسەر تەرازووە ڕێکەکان!

بانگی خەڵکی کەنارێکی دیکە ناکەم.

نەخشەی گەڕەکە گەورەکانی شاران لەسەر لێژاییەکان بە شەکری ڕەنگ مەرجانی ناکێشم. بەڵام بەو هیوایەم لە گەڵتان بژیم.

لە دەروازەی ڕەشماڵەکانە شکۆمەندی پڕ! هێزم لەگەڵتانە! بیری پاکیش وەک خوێ نشینگەکانی خۆی لە ڕۆژدا دەگرێ.

*

... کەواتە نیشتەجێی شاری خەونەکانتان دەبووم و لەبازاڕە چۆڵەکان ئەم

بازرگانییە پەتییەی گیانی خۆم ڕادەگرت، لە ناوتاندا نادیار بووم و بەم شێوە وەک ئاگرێکی خارداری دەم با هاموشۆم دەکرد.

ئەی توانا، تۆ گۆرانیت لە سەر ڕێگا درەخشانەکانمان دەچڕی...!

«بۆ لەززەتی خوێیە گشت غەمزەکانی گیان...! بە خوێ ئەو دەمانە دەژیەنمەوە کەلە هەژمەتی لەززەت مردوون!

«کێ، بەستایشکردنی تێنوێتی ئاوی لمی لە خوزەیەک نە خواردۆتەوە، لە بازرگانی گیان باوەڕی کەم دەدەمێ...» (خۆریش ناوی لێ نەنراوە، بەڵام هێزەکەی لە نێوانماندایە.)

پیاوەکان، خەڵکی لە خۆڵ و لە گشت شێوەکان، خەڵکی بازرگانی و ڕابواردن، خەڵکی ناوچە دوور و لایەکانی دیکە. ئۆ خەڵکی کەم سەنگی ناو یاداشتی ئەم شوێنانە؛ خەڵکی دۆڵ و یانەکان و لێژاییە هەرە هەورازەکانی ئەم جیهانە بە درێژیی کەنارەکانمان؛ بۆنکەری ئاماژەکان، کشتەکان، تۆبەکاری شنە و بایەکان لە ڕۆژئاوا، شوون هەڵگری ڕێگاکان، وەرزەکان، هەوار هەڵگری ناو کزەبای بەرەبەیان؛ ئۆ وێڵەکانی دوای سەرچاوە ئاوی سەر توێکڵی ئەم جیهانە؛ ئۆ گرۆکەکان، ئۆ خاوەن مەبەستەکان بۆ ڕووکردنە شوێنەکانی دیکە، بازرگانی بە خوێیەکی بەهێزتر ناکەی کە بەیانیان لە ناو پێشبینییەکانی مەملەکەت و ئاوە مردووە بەرز هەڵواسراوەکانی سەر دووکەڵی ئەم جیهانە دەهۆڵەکانی مەنفا لە سەر سنوورەکان ئێشک لە نەمری دەگرن کە لەسەر لم باوەشکی دێتێ.

*

بە بەرگی پاک لە نێوانتان، بۆ ساڵێکی دیکەش لە نێوانتان.

«شکۆمەندی من لە سەر ڕووی زەریاکانە، هێزم لە نێوانتان دایە!

شنەی کەنارەکانی دیکە بۆ چارەنووسمان براوتەوە و تۆبییەکانی زەمەن بۆ ئەو دیوو خرۆشانی سەدەیەک دەبەن کە خەریکە ئاوا دەبێ...»

ماتماتیکە هەڵواسراوەکانی سەر تۆپەڵە بەستەڵەکی خوێ! لە خاڵە هەستیارەکانی نێوچەوانم کە شیعر خۆی لێ هەڵدەخا، سترانی تەواوی نەتەوەیەک، هەرە سەرخۆشترین دەنووسم،

کە گەمییە نەمرەکان دەهێنێتەوە بەندەر.

*



II

گەورەترین بێدەنگی لە ولاتە ئاپۆرەکانە، ولاتی ئاپۆرە بە کوللەکانی نیوەڕۆ.

من هەنگاو دەنێم، ئێوەش لە ولاتێک کە بەرزە لێژاییەکانی بە ترجان داپۆشراوە گوزەر دەکەن، لەو شوێنەی کە جلوبەرگی «گەورەکانی» لێ هەڵدەخەن بۆ وشک بوونەوە.

بەسەر کراسی شاژن باز دەدەین، کە هەمووی لە دانتێلە و لەگەڵ دوو شریتی ڕەنگ سپیواژی. (ئاه! کە ترشی لەشی ژن دەزانێ کراسێک لەبن هەنگڵەوە پیس بکات!).

بە سەر کراسی کچەکەی شاژن باز دەدەین، کە هەمووی لە دانتێلە و لەگەڵ دوو شریتی ڕەنگ زەق. (ئاه! کە زمانی مارمێلکە دەزانێ مێروو لەبن هەنگڵەوە بچنێ!).

لەوانەشە ڕۆژ ئاوانەبێ تا هەمان پیاو بۆ ژنێک و کچەکەی نەسووتێ.

پێکەنینە زانای مردووەکان، دەبا ئەو میوانەمان بۆ سپ بکەن...! ئینجا چیتر...!

ئایا هیچ شکۆمەندی تر لە جیهانی بن گوڵەباغی کێوی نییە؟

دێ لەم لایەی جیهانەوە دێ، نەخۆشییەکی گەورەی وەنەوشەیی لەسەر ئاوەکانەوە دێ. با هەڵدەکات. بای زەریا.

جل و بەرگیش

وەک کەشیشێکی پەڕپووت سەرهەڵدەگرێ...

*

III

بۆ درووێنەی گەنم پیاوەکە دەردەچێ. نازانم کێ لەسەر بانەکەم بە دەنگی بڵند قسەی کرد. ئەمەتەش، ئەو شایانەی لە دەروازەی ماڵەکەم دانیشتوون. سەفیریش لە سەر مێزی شاکان نان دەخوات. (دەبا بە دانەوێڵەی من نانیان بدەن!) پشکێنەری سەنگ و پێوانەکان وێڕای گشت جۆرە پاشماوەی مێش و مەگەز و کەڵە پوشکەی ناو ڕیشی بە رووبارە ئاوساوەکان دادەبەزێ.

برۆ بە تۆوە سەرسام دەبین، ئەی خۆر! تۆ درۆی لەم چەشنەت لەگەڵ کردین...! گێرەشێوێن، ناکۆکی چێن! خۆراک نەفرەت و ڕیسوایی، ئۆ سەرزەنشتکەر! گلێنەی چاوم بتەقێنە! لە بن شکۆمەندییەکانی ئاهەک دڵم لە خۆشیان گماندی، باڵندە دەچریکێنێ: «ئۆ پیری...!»، رووبارەکانیش لەسەر ڕێژگەکانیان وەک هاواری ژنانن و ئەم جیهانەش لە پێستی بەرانێک بە ڕەنگ سوورکراو، دڵگیرترە!

ها! مێژووی ئەم پەلکانەی سەر دیوارەکانمان فراوانترە، ئاویش سازگارترە وەک لە ئاوی خەونەکان، بەخشندەگی، دەبا بەخشندەگی بەسەردا بباری کە خەونێک نییە! گیانم پڕە لە درۆ، وەک دەریای سەرشێت و بەهێزی ژێر چەشەی ڕەوانی! بۆنی تیژ دامدەپۆشێ. گومانیش لەسەر واقیعی شتەکان قیت دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر پیاوێک وەک کامەرانی خەمەکانی خۆی وەربگرێ، دەبا بە ڕۆژی ڕووناک پیشانی بدەن! ڕای منیش ئەوەشە بیکوژین، ئەگەر نا یاخی بوونێک بەرپا دەبێ.

باشتر: لە قازانجە بێ پایانەکانمان ئاگادارت دەکەینەوە هۆ «ڕەوانبێژ». دەریا تاونبارەکان بەرانبەر تەنگەکان قەت حاکمی لەوە تەسکتریان نەناسیوە! پیاوە خرۆشاوەکەش بە شەرابێک کە دڵە دڕندە پڕ لە گیزە گیزەکەی خۆی وەک کێکێک دروستکراو لە مێشی ڕەش هەڵگرتووە و بەخۆدێتەوە و دەست دەکات بەگوتنی ئەم شتانە: «... گوڵەباغ،



ئەرخەوانی لەززەت: زەمینی فراوان بە قەد ئارەزووم، ئێ کێ ئەم ئێوارەیە سنووری بۆ دادەنێ...؟ توندوتیژی لە دڵی ژیرێک، ئێ کێ ئەم ئێوارەیە سنووری بۆ دادەنێ...؟ یەکێکی لەم جۆرە، کوڕی یەکێکی وا، پیاوی هەژار، دەستەڵاتی خەون و نیشانەکان دەگرێتە دەست.

بە پیشاندانی ئەو ڕەنگە زەردەی پاژنەکان، بە مێهمۆزەکان نەخشەی ئەو ڕێگایانە بکێشن کە خەڵکی هەمەڕەگەز پێیاندا دەڕۆن: میرەکان، وەزیرەکان، دەریاوانە دەنگ ئاوساوەکان، ئەوانەی کاری مەزنیان ئەنجام داوە و ئەوانیش کە لە خەوندا ئەمە یا ئەوەیان دەبینی... کەشیش دژ بە حەزی ژنان بۆ گیانەوەران یاساکانی خۆی دارشت. ڕێزمانناس لە جێگایەکی والا شوێنی خۆی بۆ ئاخاوتنەکانی هەڵدەبژێرێ. بەرگدروو بەرگێکی نوێی قەدیفەیی زۆر جوان لە پیرەدارێک دەدزێ. پیاوە سوسەنەکە دارەکەیش جل و بەرگی خۆی لە ئاوی سازگاردا دەشوات. جێگایەکەی دەسووتێنن، بۆنەکەی بە شەپۆل دەگاتە سەر کورسییەکەی و ئەویش پێی بە تامە.».

لە وەرزی درووێنەی گەنم پیاوەکە دەردەچێت. بۆنی تیژ دامدەپۆشێ، ئاوی پاکتریش لەهی «ژابال» ئەم خوڕەیەی تەمەنێکی دیکە دووپات دەکاتەوە... لە درێژترین ڕۆژی ساڵێکی سەر ڕووتاوە، بە ستایش کردنی خاکی پڕ لە مێرگ، نازانم کێ بە توندی بەسەر هەنگاوەکانمدا ڕۆیشت. مردووەکانی بن لم و میز و خوێی خاک، ئەمەتە وەک تۆپیان لێکردوون و ناوکەکانیشیان دا بە باڵندەکان. گیانیشم، گیانم بە هەراوزەنایەکی زۆرەوە لە دەروازەکانی مەرگ پاسەوانی دەکات، بەڵام بە میر بڵێ بێدەنگ بێ:

بەسەر نووکی ڕم لە نێوانمان

ئەم کاژەلاکەی ئەسپ!

*

## IV

قیتاری جیهان لێرەیە و لەستایش کردن شتێکی دیکەم نییە بیلێم.

دامەزراندنی شار. بەرد و برۆنز. لە بەرەبەیاندا، ئاگرە دڕکاوییەکان بەردە زلە سەوز و چەورەکانی وەک قوولایی پەرستگاکان و ئاودەستەکان سپی کردەوە، دەریاوانەکەش کە هەست بەدووکەڵەکەمان دەکات، دەبینێ زەمین تا لووتکە شێوەکانی خۆی گۆڕیوە. (سووتانی گەورە کەلە دەریاوە دەبینرا و کارەکانی ڕاکێشانی ئاوە زیندووەکانیش بەرەو چیا بەردەوامە.)

بەم چەشنە بوو شار دامەزرێنرا و لە بەیانیدا خرایە ژێر لێوی ناوێکی پاک.

هەوارگەکان لەسەر گردەکان لادەبرێن!
ئێمەش کە لێرەین لە سەر گالێرییە دارەکان،
سەرکۆت و پێخاوس لە ناو فێنکی جیهان،
کەواتە چیمانە وا پێدەکەنین، بەڵام چیمانە لە سەر کورسیەکانمان پێدەکەنین،
بۆ دابەزینێکی کچ و بارگیرەکان؟
ئەی چی بڵێین، لە بەرەبەیانەوە، دەربارەی ئەم هەموو خەڵکەی ژێر چارۆگەکان؟

گەیشتنی ئاردە...! ئەی ئەو بەلەمانەی کە بەرزترن لە ئیلۆن لە بن تاوسی سپی ئاسمان، کە بەربەستەکەیان بڕی، لەو شوێنە مردووە وەستان کە کەرێکی تۆپیوی تیا سەر ئاو کەوتووە، (مەبەست ناوبژیکردنە لەم ڕووبارە ڕەنگ پەڕیوە کە بەبێ چارەنووس، ڕەنگی ئەو کلۆیانەی گرتووە کە لەناو قۆزاخەکانیان پان کراونەتەوە.) لەناو هەراوزەنا مەزنە فێنکەکەی ئەوبەری کەنار، ئاسنگەرەکان وەستای ئاگرەکانیانن! شریقەی قامچی لە شەقامە تازەکان مەینەتییە نەپشکوتووەکان لە عەرەبانەکان دادەگرێ. ئۆ بارگیرەکان، جەهەننەمەکانمان لە بن شمشێری سفر! چوار سەری چەمووشی لێکدووراو لەبن ڕەنگی پیرۆزەیی ئاسمان ئاستێکی زیندوو دروست دەکەن. دروستکەری پەناگاکان لەبن درەختێک دەوەستن و بۆ هەڵبژاردنی گۆڕەپانەکان بیریشیان بۆ دێتن. مانا و ئامانجی بالاخانەکانم فێردەکەن: بچمی شکۆلێنراو، بچمی لاڵ؛ گالێرییەکانی گڵسەر، دالانەکانی بەردی ڕەش، حەوزە سێبەرییە کاڵەکان بۆ کتێبخانە؛ خانووی زۆر فێنک بۆ بەروبوومی دەرماننانسی. ئینجا سەڕافەکان وێڕای فیکە لێدان بە خۆیان و کلیلەکانیان دێن. پێشتریش پیاوێک لەوانەی کە لەسەر نێوچەوانیان ڕەنووسی خوداکانیان دەنەخشێنن بە تەنیا لە شەقامەکان گۆرانی دەچڕی. (هەمیشە گزەگزەی مێشوولە لەم گەڕەکە پڕ لە کاوڵگەیە!)... ئێرە شوێنی گێڕانەوەی پەیمانەکانمان نییە بۆتان لەگەڵ خەڵکی کەنارەکەی تر. ئاو لە کوندەکان پێشکەش کرا، مووچەی سوارەکان بۆ ئیشەکانیان لە بەندەر و مزەی میرەکان بە پارەی ماسی درا. (منالێکی غەمگین بە قەد مەرگی مەیموونەکان- خوشکی گەورەی جوانییەکی مەزن- هەوێردەیەکی لە ناو سۆلێک لە ساتانی بنەوشەیی پێشکەش دەکردین.)

تەنیایی! هێلکەی شین کە باڵندەیەکی مەزنی دەریایی دەیکا، مورتکەکانیش لە بەیانیدا پڕن لە لیمۆی زێڕین! دوێنێ بوو! باڵندەکەی لێ هاتە دونیاوە! سبەینێ جەژنەکان، گرمەکان، شەقامەکان بە درەختی بەردار دەڕازێنرێنەوە و کەناسەکانیش لەگەڵ کازێوە لکی وشکی گەورەی دارخورماکان هەڵدەگرنەوە،

پاشماوەی باڵە زلەکان... سبەینێ جەژنەکان،

هەڵبژاردنی حاکمەکانی بەندەر، لە ژێر ساتە کزرەکانی هەڵکردنی گەواڵەش وتنەوەی گۆرانی لە گەڕەکە دوورەکانی شار.

شاری زەرد، کڵاو سێبەر، لەگەڵ دەرپێ قوتەی کچەکانی لە سەر پەنجەرەکان.

*

... لە سێیەمین مانگ هەڵاتن، ئەوانەی لەسەر دوندی گردەکان ئێشکیان

دەگرت، ڕەشماڵەکانیان تێکنا. لەشی ژنێکیان لە ناو لم سووتاند. پیاوێکیش لە دەروازەی بیابان هەنگاوی دەهاویشت، پیشەی باوکێک بازرگانی کەموولە بوو.

*



V

لە پێناوی گیانی تێکەڵاوم بە کاروبارە دوورەکان، سەدان ئاگری شاران بە وەڕینی سەگ کلّپەیان سەندووە...

تەنیایی! پارتیزانە سەرسوڕمێنەرەکانمان ستایشی شێوازەکانی ئێمەیان دەکرد، بەڵام هزر و بیرمان پێشتر لە بن دیوارەکانی دیکە نیشتەجێ ببوون:

«من بە کەسم نەگوت با چاوەڕێ بکات... بەناسکی ڕقم لە هەمووتان دەبێتەوە... ئەی چی بڵێین دەربارەی ئەو سترانەی بە ئێمەی هەڵدەڵێین...؟»

بردنی بەگی کۆمەڵێک وێنە بەرەو دەریا مردووەکان، لە کوێ ئاوی شەوانە بدۆزینەوە چاومانی پێ بشۆین؟

تەنیایی...؟ یاوەرەکانی ئەستێرە بە کەناری جیهان تێدەپەڕن، لە چێشتخانەکان خۆیان گەیاندە ئەستێرەیەکی ماڵی.

شایە هاوپەیمانەکانی ئاسمان لە سەربانەکەی من جەنگ دەکەن و، ئاغای بەرزاییەکان، ئۆردووی خۆیانی لێ دادەمەزرێنن.

دەبا بە تەنیا لەگەڵ شنەی شەو بڕۆم، لەنێو میرە توانج نووسەکان، لەنێو کەوتنی ئەستێرەکان.

گیان بە بێدەنگی خۆی دەگەیەنێتە زفتی مردووەکان! پێڵووەکانمان بە دەرزی هەڵدووراون! ستایش بۆ چاوەڕوانی بن برژانگەکانمان!

شەو شیری خۆی دەبەخشێ، دەبا چاک پاسەوانی لێ بکەن و! دەبا پەنجەیەکی هەنگڤینی بە لێوی دەستبڵاو شۆڕبێتەوە:

«... میوەی ژن، ئۆ سابیئیەکان...!» خیانەت کردن لە گیانی کەمتر زاهید و بڵاو بوونەوەی بۆن بۆگەنی پاکی شەو، بە هزر و بیرەکانم دژی چالاکی خەون خۆم پەروەردە دەکەم؛ لە ناو بۆنی بێتامی بەیانیان لەگەڵ قورینگان سەرهەڵدەگرم!

ها! کاتێ ئەستێرە لە گەڕەکی کارەکەرەکان شەوی بە سەردادەهات ئایا دەمانزانی کە پێشتر ئەو هەموو ڕمە نوێیانە لە بیابان سەرادووی خوێی هاوینیان دەنا؟

«هۆ کازێوە، تۆ دەتگێڕایەوە...» دەست نوێژ هەڵگرتن لە کەناری ئاوە مردووەکان...!

ئەوانەی بە ڕووتی لە ناو وەرزی مەزن خەوتن بە کۆمەڵ لەسەر زەمین بێدار دەبنەوە

– بێدار دەبنەوە و بەکۆمەڵ هاوار دەکەن

ئای کە ئەم جیهانە شێتە...! پیرەمێردەکە پێڵوەکانی لە ناو ڕۆشنایی زەردا دەجوولێنێ؛ ژنەکەش لەسەر نینۆکی خۆی لێکدەکێشێتەوە؛

جوانووە مایینە لینجەکەش قەپۆزە موواوییەکەی خۆی دەخاتە ناو لەپی منداڵەکە، هێشتا بە خەیاڵیدا نەهاتووە چاوێکی هەڵبکۆڵێ...

«تەنیایی! من بە کەسم نەگوت چاوەڕێ بکات... هەر کاتێک بمەوێ بەم لادا دەڕۆم...»

– بێگانە تەواو پۆشتەکەش بە هزر و بیرە نوێیەکانی، لەناو ڕێگاکانی بێدەنگی، بەردەوام لایەنگیر بۆ خۆی پەیدا دەکات: چاوی پڕە لە جۆرە لیکاوێک،

ئەو چیتر جەوهەری پیاوی تێدانییە. خاکیش بەتۆوە باڵدارەکانیەوە، وەک

شاعیرێک بە پەیڤەکانی سەفەر دەکات...

*



VI

پڕ هێز لە ناو حکومەتە سوپاییە مەزنەکانمان، لەگەڵ کچە بۆندارەکانمان کە بەرگی لە بایان دەپۆشی: بە قوماشەکانی بەریان، لەبانە بەرزەکان تۆڕمان بۆ ڕاوکردنی بەختەوەری داناوە. بەرەکەت و دروستی، بەختەوەری! تا سەهۆڵ لە پەرداخەکانمان هەبێت وەک «مەمنون» دەتوانێ گۆرانی بڵێ...

لە گۆشەی سەکۆکانیش تێکەڵاوێک لە بروسکە بزر دەکات، سینی زێڕی گەورە لە سەر دەستی کەنیزەکەکان بێزاری لم تا سنوورەکانی جیهان دەدزێ.

ئینجا ئەو ساڵە ساڵێکی با بوو لە خۆرئاوا و، لەسەر سەربانە گران بووەکانمان بە بەردە ڕەشەکان، کۆمەڵێک ئاخاوتن لە خامەکی زەق خۆیان دابووە دەست لەززەتی دەریا. سوارەکانی دوندی بەرزەخیش، گەمارۆدراو بە هەڵۆ ڕۆشنەکان و بەنووکی ڕمەکانیان کارەساتە پڕەکانی سەردەمە گەشەکانیان دەدماند و لە سەر زەریاکانیش مێژوویێکی دەگمەنیان تۆمار دەکرد.

بێگومان! مێژوویێک بوو بۆ پیاوەکان، سروودێکی هێز بوو بۆ پیاوەکان، وەک مووچڕکێکی دەریا بوو لە ناو درەختێکی ئاسن!

یاسا پەیڕەو کراوەکانی سەر لێوارەکانی دیکە، هاوپەیمانییەکانیش بەهۆی ژنان لە نێو نەتەوە تواوەکان؛ وڵاتی بە هەڕاج فرۆشراو لە بن هاواری خۆر، بەرزەبانی هێمن بووە و نرخاندنی هەرێمەکان لە ناو بۆنی پڕ لە ئوبهەتی ڕۆژ...

ئەمانەی ئەولا کە لەگەڵ لەدایکبوونیان پەنگرێکی وایان بۆن نەکردووە، چی دەکەن لەگەڵ ئێمە؟ دەشێ بازرگانی بە زیندووەکانیان هەبێ بیکەن؟

«گرفتی خۆتە هی من نییە فەرمانڕەوایی نادیاری بکەی...»

ئێمە کە لەوێ بووین، لە سنوورەکان ڕووداوی مەزنمان بەرپاکرد و

کردەوەکانمان تا ئەوپەڕی سنووری هێزمان دەیانبردین، شادیمان لەگەڵ ئێوە شادییەکی مەزن بوو.

«ئەو ڕەگەزەی لە سەر پردەکان هەوارگەی خۆی داناوە دەناسم: سوارە هارەکانی ناو کێڵگەکان. بڕۆن و بەوانەی ئەم لا بڵێن: ترسێکی مەزن لەگەڵمان ڕادەکات! کردەی زۆر و بێ پێوانە، ئیرادەی بە هێز و پەرژکەرەوە و دەستەڵاتی پیاویش وەک هێشووە ترێیەکی ناو ڕەز خورا... بڕۆن و بە جوانی بڵێن: ڕەفتاری توند و تیژمان، ئەسپە زاهید و تیژڕەوەکانی سەر تۆی یاخسبوون و کڵاوە بۆنکراوەکانمان بەتۆقینی ڕۆژ. لە وڵاتە ماندووبووەکان کە تیایاندا سەرلەنوێ دەبێ نەریتەکان فێربینەوە، ئەو هەموو خێزانانەی وەک باڵندە بخوێنە زیندانکراوەکان دەبێ دروست بکرێنەوە. لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتمان دەمانبینن، کۆ کەرەوەی نەتەوەکان لەبن ئەمبارە بەرینەکان، خوێندنەوەی مۆرەکان بە دەنگێ بڵند، بیست نەتەوەش لە ژێر سایاکانمان هەموو زمانەکان دەزانن...

«پێشتریش ئێوە مێژووی چەشەکانیانتان دەزانی: کاپیتانە هەژارەکانی ڕێگاوبانە نەمرەکان، هاتنی بەگزادەکان بە کۆمەڵ بۆ سڵاو کردن لێمان، تەواوی دانیشتووانە نێرەکانی ساڵ وێڕای خواکانیان لە سەر گۆپاڵان، میرە کەوتووەکانی ناو لمی باکوریش، کچە دڵ نەرمەکانیان بۆ ئاسوودەییمان دەستبڵاوییان بە وەفای خۆیان دەکرد، ئاغاکەش دەڵێ: باوەڕم بە بەختی خۆم هەیە...

«یانیش شتەکان ئاشتیان بۆ بگێڕەوە: لە وڵاتە داگیرکراوەکان بە بەختەوەری و بۆنی گۆڕەپان و قەیرەژنان، پارە زەردەکان، پوولی پاک، بەکار هێنراو لەبن دارخورماکان، نەتەوەکانیش لەسەر بەهاراتە تیژەکان لە ڕۆیشتن- کەلوپەلە سوپاییەکان، بازرگانییە مەزنەکانی دەستەڵات سەرەڕای نارەزایی ڕووبارەکان، پرسە و ستایشی هاوسێیەکی بەهێزی نیشتەجێی بەر سێبەری کچەکانی و گۆڕینەوەی پەیامەکانیش لەسەر سینییە زێڕەکان، پەیمانەکانی دۆستایەتی و سنوور دیاری کردن،



ڕێککەوتنی نەتەوەیەک لەگەڵ یەکێکی دیکە دەربارەی بەربەستی ڕووبارەکان و خێڵە ڕاپەڕیوەکانی وڵاتە خرۆشاوەکان! (دروستکردنی ئەمباری ئاو، هی دانەوێڵە، باڵاخانە بۆ سوارەکان- کاشییەکان بە ڕەنگی شینێکی زەق و ڕێگاکانیش لە کەرپووچی رۆز- بڵاوکردنەوەی قوماشەکان بۆ ڕابواردن، خۆشاوی رۆز و هەنگڤین و ئەو جوانووە ماینەی لە ناو جانتا سەربازییەکان لێمان لە دایک بوو- بڵاوکردنەوەی قوماشەکە بۆ ڕابواردن و لە ئاوێنەی خەونەکانمانیش، کە زەریا شیرەکانمان ژەنگاوی دەکا، دابەزینیش ئێوارەیەک لە هەرێمەکانی لێوار دەریا، بەرەو وڵاتی ڕابواردنە مەزنەکانمان، بەرەو کچە «بۆندارەکانمان، کە بە شنەیەک هێورمان دەکەنەوە، ئەم قوماشانە...)».

– بەم چەشنە هەندێ جار دەروازەکانمان بە چارەنووسێکی بێهاوتا پەلەیانە و لە سەر هەنگاوە خێراکانی ڕۆژیش، لەم لایەی جیهان، هەرە بەرینتر، کە دەستەڵات لێیدا هەموو ئێوارەیەک سەری خۆی هەڵدەگرێ، تەواو دڕکە بێوەژنەکان!

بەڵام ئێوارە، وێڕای چەپکێک بۆنی بنەوشەیی و ئارجیل لە ناو دەستی کچە ژنەکانمان، زیارەتی پرۆژەکانی دامەزراندن و سامانیان دەکردین کزەبایەکانیش لە قووڵایی تەنکاوە چۆلەکان دەخەوتن.

*

## VII

بۆ هەمیشە لەم خاکە زەردانە دانانیشین کە شادیمانن...

هاوین لەو ئیمپراتۆریەی لە سەر مێزەکانی ئاسمان چەندین چینەوەرز هەڵدەواسێ، بەرینترە. خاکی بەرین بە نەزمی خۆی و بە پڕی لەبن غوبار پەنگرە سستەکەی خۆی غلۆردەکاتەوە- ڕەنگی کبریت، هی هەنگڤین، ڕەنگی شتە نەمرەکان، تەواوی زەمینی داپۆشراو بە گیا، بە پووشکەی زستانەکەی دیکە خۆیان پێدەکەن و، لە نیانی سەوزی تاقە درەختێکیش ئاسمان شیلەی وەنەوشەیی خۆی دەمژێ.

شوێنێک لە بەردی گرانیت! تاقە تۆیەکی پاک لە ڕیشەکانی بادا نییە ڕۆشناییش وەک ڕۆن.- لە درزی پێڵووەکان تا تیغی دوندەکان لەگەڵ خۆم یەکدەگرم، دەزانم بەردە گوێچکەدارەکان، هاتووچوونی پۆلەکانی بێدەنگی لە شانەکانی ڕۆشنایی، دڵیشم بۆ خێزانە کلۆیەکە دەسووتێ...

وشترمای ناسکی ژێر برینگ، بە برینی وەنەوشەیی کاڵ دووراو، دەبا گردەکان لە ژێر بەخششەکانی ئاسمانی زەمینی هەنگاو بنێن- دەبا بە بێدەنگی لە سەر جۆش و خرۆشە سیسەکانی دەشت هەنگاو بنێن؛ لە کۆتاییش لە دووکەڵی خەونەکان کڕنووش ببەن، لەوێ لەو شوێنەی نەتەوەکان بە غوباری مردووی خاک خۆیان لە ناو دەبەن.

ئەمانە گەلێک هێڵی مەزن و هێمنن کە تا شین هەڵگەڕانی ترێیە ئەستەمەکان دەڕۆن. خاکیش بێجگە تەنیا لە جێگایەک وەنەوشەکانی گەواڵەی پێگەیاند؛

دووکەڵی ئەم لمەش کە لە جیاتی ڕووبارە مردووەکان بەرزدەبێتەوە، وەک پارچە سەدەکان لە سەفەردایە...

به دەنگی نزمتر بۆ مردووەکان، بەدەنگی نزمتر لە ڕۆژا.

ئەو هەمــوو هێمنییەی دڵی مرۆڤ، دەبێ بتوانێ شوێنی خۆی بدۆزێتەوە...؟ «قسە بۆ تۆ دەکەم، گیانەکەم!- تەواوی گیانم بە بۆنی ئەسپێک نغرۆی تاریکی بووە!» هەندێ لە باڵندە مەزنەکانی زەمینیش، کەلە خۆرئاوا دەفڕن، لە لاسایی کەرەوە باشەکانی باڵندە دەریاییەکانمانن.

لە خۆرهەڵاتی ئاسمانی زۆر سیس، وەک شوێنێکی پیرۆزی مۆرکراو بە جلوبەرگی کوێرەکە، هەوری ئاسوودەی بە خۆدەکەون، تیایاندا سەرەتانی کافوور و شەیپوور دەسووڕێنەوە... ئەو دووکەڵەی کە بایەک بە گژماندا دێنێ! خاکیش لە ناو ڕیشی زیندەوەرەکانی گشتی چاوەڕێیە، زەمین منالّی موعجیزەکانە. لە نیوەڕۆش، کە درەختی شیلان بنکەی گۆڕەکان شەق دەکات، پیاوەکە پێڵووەکانی دادەخات و پشتی ملی لە ناو سەردەمەکان فێنک دەکاتەوە... سوارە خەونەکانیش لە شوێنی تۆزە مردووەکان، ئۆ ڕێگا بێماناکان کە تاکە بایەک تا لای ئێمە پەرت دەکەن! لە کوێ بدۆزینەوە، جەنگاوەرەکان لە کوێ بدۆزینەوە لە ناو زەماوەندەکانیان پاسەوانی ڕووبارەکان بکەن؟

لە هاژەی ئاوە بەخوڕە مەزنەکانی سەرخاک، گشت خوێی سەرزەمین لەناو خەونەکانیان رادەچڵەکێن. لەناکاویش، ئاە! لە ناکاو ئەم هەموو دەنگانە چییان لە ئێمە دەوێ؟ کۆمەڵێک ئاوێنە لە سەر ئێسقانگای ڕووبارەکان بەرزکەنەوە کە هاوارێک بخاتە ناو پاشماوەی سەدەکان! بەردەکان بۆ شکۆمەندی من بەرزکەنەوە، بەردەکان بۆ بێدەنگی بەرزکەنەوە، بۆ پاسەوانی ئەم شوێنانەش سوار-ی برۆنزی سەوز لە سەر شەقامە بەرینەکان...

(سێبەری باڵندەیەکی مەزن بە سەر ڕوخسارم تێدەپەڕێ.)

*

## VIII

یاسا بۆ فرۆشتنی مایینەکان. یاسا کۆچەرەکان. خۆشمان. (ڕەنگی پیاوان.) هاوەڵەکانمان گەردەلوولی بەرزن لە سەفەردان، سەعاتن لەسەر زەوی دەڕۆن، ڕێژنە بە ئوبهەتەکانیش لە ماددەیەکی سەرسوڕمێنەر، لە غوبار و زیندەوەر چنراو، چەشنی وەرگرتنی سەرانە لەناو لم سەرادووی نەتەوەکانمانی دەنا...!

(بە ئەندازەی دڵمان بوو ئەو هەموو نادیارییە خورا!)

*

نەک لەبەر ئەوەی هەنگاوەکە نەزۆک بوو: لە ڕەوتی گیانەوەرە بێ پەیمانەکان (ئەسپە پاکە چاو نۆبەرەییەکان)، کۆمەڵێک شت لەسەر تاریکستانی گیان وەئەستۆگیرا- زۆر شت بۆ ڕابواردن لەسەر سنوورەکانی گیان- مێژووی گەورەی تاوسیی لەگڤەی بەردەقانی و زەمینیش پێشکەش بە لێکدانەوەکان کرا... شتێکی دیکە: ئەم سێبەرانە- کەمتەرخەمییەکانی ئاسمان بەرامبەر زەوی... سوار-ی میانەی خێزانە مرۆڤی لەمجۆرە، کە هەندێ جار ڕق وەک باڵندە تیایاندا دەخوێنێ، قامچی لە وشە خەساوەکانی بەختەوەری ڕاست بکەینەوە؟- پیاو، بارە حسێب کراوەکەت بە گەنم بکێشە. وڵاتێکی وا هی من نییە. بێجگە لە بزووتنەوەی ئەم گیایە یجیهان چی دامێ؟

*

تا ئەو شوێنەی پێی دەوترێ «داری وشک»:

بروسکە لەڕەکەش هەرێمەکانی ڕۆژئاوام بۆ ڕام دەکا.

بەڵام لەودیو مەزنترین ڕابوردن هەیە و، لە وڵاتێکی بەرینی گیاو گۆڵی بێ یاداشت، ساڵە بێ پێوەندییەکان و بێ یادکردنەوەکان، بە گزنگ و ئاگر بە تام کراون.



(قوربانی دڵی مەڕێکی ڕەش لە بەرەبەیانا.)

*

هۆ ڕێگاکانی زەمین کە یەکێک پێتدا دەڕوات، دەستەڵات بەسەر هەموو نیشانەکانت.

ئۆ گەڕۆکی ناو بای زەرد تامی گیان...!

تۆش دەتگوت ئەو تۆبەی گوێزی هیندی هەیەتی، کە وردی دەکەین، فەزیلەتی سەرخۆشکەرن.

*

باوەڕێکی مەزنی تۆقین سەرداری نەریتی دەکردین!

*

IX

لەوەتەی، ئەو ماوە زۆرەی بەرەو خۆرئاوا دەڕۆیشتین، چیمان دەربارەی شتە تەمەن کورتەکان دەزانی...؟ لە ناکاویش هەوەڵین دووکەڵ لەبەر پێمان:

– ژنە جاحێڵەکان! سروشتی وڵاتێکیش تیایاندا تەواو بۆندار خۆی دەدۆزێتەوە:

*

«... هەواڵی هەڵکردنی هوڕەیەکی مەزنت پێڕادەگەیەنم و بێوەژنە هاوارکەرەکانیش لەسەر ڕەوینەوەی مردووەکان.

ئەوانەی لەناو بەکارهێنان و تیماری بێدەنگی پیر دەبن، دانیشتووی سەر بەرزاییەکان، لە کەشتیگا نامۆکان حسێب بۆ لم و ناووبانگی ڕۆژ دەکەن:

بەڵام لەززەت خۆی لە تەنکێشەکانی ژن پێکدەهێنێ،

لەناو لەشە ژنەکانیشمان شتێک وەک هەوێنی ترێی ڕەش هەیە و تیایاندا حەسانەوەیان لەگەڵ ئێمە نییە.

«... وەرزەکانی چاکەیەکی مەزن و شاباشی سەرچاوەکانی ناو خەونەکانمانت پێڕادەگەیەنم.

ئەوانەی دەزانن سەرچاوەکان لەم مەنفایە لەگەڵ ئێمەن؛ ئەوانەی سەرچاوەکان دەناسن ئێوارە پێماندەڵێن لە ژێر کام دەست ترێی تەنکێشەکانمان دەگوشرێن و لەشمان بە لیکێک خۆی پڕ دەکات؟ (ژنەکەش لەناو گژوگیا لەگەڵ پیاوەکە جووت بوو؛ هەڵدەستێتەوە، لۆچەکانی لەشی ڕێک دەخات و کلۆش لەسەر باڵی شینی دەفڕێ.)

«... ورزەکانی هەڵکردنی هوڕەیەکی مەزنت پێڕادەگەیەنم، شەویش لەگەڵ وەڕینی سەگان، ئارەزووی خۆی لە کەلەکەی ژنان وەردەگرێ.

بەڵام بێگانەکە، شکۆ لێ نراو بە شیرەمەنی، بە میوە لە بن



ڕەشماڵەکەی دەژیێ، ئاوی تازە و فێنکی بۆ دەهێنن تاکو دەم، ڕوخسار و چووکی خۆی پێ بشوا.

شەوان بەرزەژنی نەزۆکی بۆ دەهێنن (ها! ئەو بەرۆژ شەوچەرەترە!).

لەوانەیە لەززەتی خۆی لە منیش وەرگرێ. (نازانم ڕەفتارەکانی لەگەڵ ژنان چۆنن.)

«... وەرزەکانی چاکەیەکی مەزن و شاباشی سەرچاوەکانی ناو خەونەکانمانت پێڕادەگەیەنم.

بەم چەشنە وەک شوێنێکی پڕ هەنگڤینی نێو تەپۆڵکەکان، لەناو ڕۆشنایی دەمم بکەوە، ئەگەر هەڵەشیان لە من دۆزییەوە، با دەربکرێم! یانیش، بە بن ڕەشماڵەکاندا بڕۆم، بە ڕووتی بڕۆم، بە تەنیشت گۆزەکە، بە بن ڕەشماڵەکە، هاوەڵی گۆشەی گۆڕ، تۆ، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ لە بن درەختە کچەکەی هەناوم دەمبینی... جێگایەک لە خواست و ئارەزوو لە بن ڕەشماڵ، ئەستێرەی سەوز لەناو گۆزە، دەبا منیش لە بن دەستەڵاتت بم! جگە لە گۆزە ئاوی فێنک هیچ کەنیزەکێک لە بن ڕەشماڵ نییە! (دەزانم بێ ئەوەی گشت سەگی سەرزەمین.)

وەرزەکانی چاکەیەکی مەزن و شاباشی ئێوارەی سەرپێڵووە تەمەن کورتەکانمانت پێڕادەگەیەنم...

بەڵام هەنووکە هێشتا هەر ڕۆژە!»

*

– بە پێوە وەستانی سەر پارچە ڕۆژێکی تریسکەدار، وڵاتێکی مەزنی پاکتر لە مەرگ، کچەکان بە هەڵدانەوەی لچکێکی کراسە نەخشینەکانیان میزیان دەکرد.

*

X

شەپقەیەکی گەورە هەڵبژێرە کە لێوارەکەی دڵفڕێن بێت.
چاو سەدەیەک لە هەرێمەکانی گیان دەکشێتەوە.
لە دەرگا تەباشیرییە زەقەکە شتەکانی دەشت دەبینین: شتە زیندووەکان،
ئۆ شتە نایابەکان!
قوربانی جوانووەماییینەکان لەسەر گۆڕی منداڵەکان،
پاکبوونەوەی بێوەژنەکان بە ڕۆز و کۆبوونەوەی باڵندە کەسکەکان لە حەوشەکان لە
شەرافەتی پیرەکان؛ گەلێک شت لەم سەرزەمینە بۆ بیستن و بۆ بینینە، شتە زیندووەکانی نێوانمان!

بە یادی لە دایکبوونی درەختە مەزنەکان بەرپاکردنی جەژن لە گۆڕەپانان و مەراسیمی گشتیش لە شەرافەتی گۆمێک؛ پێشکەشکردنی بەردە ڕەشە تەواو خڕەکان، دۆزینەوەی کانی لە هەرێمە مردووەکان، پیرۆزکردنی قوماشەکان، بەسەر نووکی ڕمەوە، لە نزیک ملان و سڵاوە دژوارەکانیش، لە بن دیواران، بۆ ئەتککردنی گەورەکان لەبەر هەتاو، بۆ بڵاوکردنەوەی جلوبەرگی زەماوەندەکان. هێشتا شتی دیکەش لە بەرزایی سەردەمەکانمان: تیمارکردنی گیانەوەرەکان لە گەڕەکەکانی لێواری شار، هاتوچوونی خەڵک لە پێش قەیچەوان، بیرەوان و خەسێنەرەکان؛ بە نەزم و شنەی دروێنەکان مامڵەتێکی زۆر لەسەر سەربانەکان و فێنک کردنەوەی شیناوەردەکان بە نووکی شەنەکان؛ دروستکردنی شوورەکان لە سواڵەت و زۆر، وشک کردنەوەی گۆشت لەسەر سەکۆ، گالێری بۆ کەشیشەکان، دروستکردنی کاپیتانگا، داڵانی گەورە بۆ بەیتەرخانە، سوخرەکێش بۆ چاککردنەوەی ئەو ڕێگایانەی بارگیر پێیدا دەڕوات، تووڵەڕێی ناو گەلیەکان؛ دروستکردنی پەناگا لە شوێنە نادیارەکان، نووسینەکان بۆ



گەیشتنی کاروانەکان و دەرکردنی پاسەوانەکان لە گەڕەکی سەرافەکان؛ شکۆمەندییە نوێیەکانی بن بانیژە، بەرامبەر تاوە قرچە قرچ کەرەکان؛ نارەزایی قەرزدارەکان؛ تێکشاندنی گیانەوەرە موو سپی و چاو سوورەکان، کرمە سپییەکانی بن زەوی، ئاگری بنەدڕکەکان و دڕکی شوێنە پیسبووەکان بە مەرگ، دروستکردنی نانێکی جوان لە جۆ و کونجی، یانیش لە گەنم؛ دووکەڵی پیاوانیش لە گشت شوێنێک.

ها! هەموو چەشنە پیاوێک بە دەنگ و شێوازەکانیان: بخۆری زیندەوەرەکان، هی میوەکانی ئاو؛ هەڵگری مەزلەمە و سامان! جوتیار و دەرزی ئاژنکەر و خوێفرۆش، باجگر، ئاسنگەر، شەکر و دارچین فرۆشەکان، پەرداخ لە کانزای سپی و شەیپوورەچرا!؛ ئەوەی جلوبەرگێک لە چەرم دەدوورێ، کورسییەکان لە دار و دوگمەکان لە شێوەی زەیتوون دەتاشێ، ئەوەی شێوازەکانی خۆی دەداتە زەمین، پاوی هیچ پیشەیەک: پیاوی باز، پیاوی فلووت، پیاوی مێش هەنگڤین؛ ئەوەیکە هەوەس لە زایەڵەی دەنگەکەی خۆی وەردەگرێ، ئەوەی کە کاری خۆی لە تێڕامانی بەردێکی سەوز دەدۆزێتەوە؛ کە بۆ ئارەزووی خۆی ئاگرێک لە سووتاندنی توێکڵەکان لە سەربان دەکاتەوە، کە جێگایەک لە پەلکی بۆندار بۆ خۆی لەسەر زەوی دروست دەکات، کە لێی دەخەوێ و پاڵدەداتەوە؛ کە بیر لە هێڵکارییە سیرامیکییە سەوزەکان دەکاتەوە بۆ حەوزی ئاوە زیندووەکان؛ ئەوەش کە گەشتی زۆر کردووە و بیر لە ڕۆیشتن دەکاتەوە، کە لە وڵاتی بارانە مەزنەکان ژیاوە، کە یاری زار، هی جگ، هی لگاو دەکات؛ یان کە مێزەکانی ژمێریاری لەسەر خاک بڵاودەکاتەوەک ئەوەی کە ڕوانینی دەربارەی بەکارهێنانی کالباسێک هەیە؛ ئەوەی بە پێیەکانی بازێکی مردوو وەک بارەدارێک بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت (پەڕەمووچ بە دیاری پێشکەش کرا، نەخێر فرۆشرا، بۆ ڕازاندنەوەی تیرەکان)، ئەوەی کە هەڵاڵە لەناو کەشتییەکی دارین کۆدەکاتەوە (ئارەزووی منیش، دەیگوت، لەناو ئەو ڕەنگە زەردەیە)، ئەوەی کە شیرینەنان، کرمە سپییەکانی دارخورما،

تووترکان دەخوات، ئەوەی کە حەز لە تامی شاهی دەکات؛ ئەوەی کە خەون بە بیبەرێکەوە دەبینێ؛ هێشتاش، ئەوەی کە کۆنە بنیشتێک دەجوێ. کە سەدەفێکی لە گوێیە، ئەوەش کە بەنهێنی چاوەدێری بۆنی بلیمەتی لە قەڵێشە تازەکانی بەرد دەکات؛ ئەوەی بیر لە لەشی ژن دەکاتەوە، پیاوی شەهوانی؛ ئەوەی کە گیانی خۆی لە شەوقدانەوەی تیغێکدا دەبینێ؛ پیاوی پسپۆڕی زانستەکان، لە ژیانی ناودارەکان؛ پیاوی دیاری ناو مەجلیسەکان، ئەوەی کە ناو لە ئاوپرژێنەکان دەنێ، کە لە ژێر درەختەکان کورسییەک پێشکەش دەکات، کە خوری ڕەنگکراو پێشکەش بە حەکیمەکان دەکات، لە چواژیانەکانیش جامی گەورەی بڕۆنزی بۆ تینوێتی مۆر دەکات؛ باشتریش، ئەوەی کە هیچ ناکات، پیاوی لەم جۆرە و بەم چەشنە لەناو شێوازەکانی و، هێشتا گەلێکی دیکەش! هەوێردە هەڵگرەوەکانی ناو کەلێن و قوژبنەکانی خاک، ئەوانەی لەناو دڕکەکان هێلکەی پنت پنتی کەسک هەڵدەگرنەوە، ئەوانەی لە ئەسپ دادەبەزن بۆ هەڵگرتنەوەی شتەکان، ئاقیقەکان، ئەو بەردە شینە هەڵبزرکاوەی کە لە دەروازەی گەڕەکە دوورەکان دەیتراشن (لە شێوەی کالاّن، جگەرەدان، ئاوزێنە، یان ئەو هەڵماتانەی بۆ غلۆر کردنەوەن لەناو دەستی ئیفلیجەکان)؛ ئەوانەی لە گۆڕەپانان بە فیکەلێدان سندوقەکان دەنەخشێنن، پیاوی گۆپاڵ عاج، پیاوی سەر کورسی حەیزەران، گۆشەنشینی ڕازاوەی ناو دەستی کیژ و جەنگاوەری لە کار کەوتوو کە ڕمەکەی خۆی لەبەر دەروازەکەی چەقاند بۆ بەستنەوەی مەیموونێک... ها! هەموو جۆرە پیاوێک بە دەنگ و شێوازەکانیان، لە ناکاویش! ئەو هەقایەتخوانەی کە جێگاکەی خۆی لە بن دار قەزوان دەکاتەوە، بە جلوبەرگی ئێوارەیەوە پەیدا بوو، گشت مەسەلەیەکی دەربارەی ئێستا لە ئەستووری لەت دەکرد...

ئۆ وەچەناسی سەر گۆڕەپان! چەندان مێژووی خێزان و ڕەچەڵەکان؟

– دەبا مردوو زیندوو بگرێ، هەروەکو لە لەوحەی یاساناس نووسراوە،



ئەگەر هەموو شتێکم لەناو سێبەر و نرخێک شایانی تەمەنی خۆی نەبینی: کۆگایەکانی کتێب و ساڵنامەکان، گۆڤارەکانی ئەستێرەناسی و جوانی گۆڕەکان، پەرستگای زۆر کۆنی بن دارخورماکان، نیشینگەی بارگیرێک و سێ مریشکی سپی– لەمدیوی سێرکی نیگام گەلێک کردەوەی نهێنی لە ڕێگادان: هەوارگە تێکنراوەکان بەو خەبەرانەی کە ناتوانم بیانگرم، بێ شەرمی نەتەوەکان لەسەر گردەکان و پەڕینەوەکان لە ڕووبار بە کەڵەک؛ سوارە پەیماننامە هەڵگرەکان، کەمینی ناو ڕەزەکان، تالاّن بردنەکانی قووڵایی گەرووەکان و ئەم سەرو ئەو سەر کردنی ناو کێڵگە بۆ فڕاندنی ژنێک، تاوتوێکەرەکان و فێڵەکانیان، پەڕینی وڵاغەکانی ناو دارستان لەبەر چاوی منداڵان، بەخۆ هاتنەوەی پێغەمبەرەکانیش لە قووڵایی گەرووەکان، گفتوگۆی لاڵی دوو پیاوی ژێر درەختێک... بەڵام سەرەڕای کردەی مرۆڤەکانی سەر زەوی، گەلێک نیشانە لە سەفەردان، گەلێک تۆ لە سەفەردان، لە ژێر جەژنی سەردەمە خۆشەکانیش، لەناو بایەکی گەورەی زەمین، گشت پەڕامووچەی دروێنەکان...

تا کاتی ئێوارە کە ئەستێرەی مێ، شتێکی پاک و دڵنیایە لە بەرزاییەکانی ئاسمان...

خاکی بە خەون چێنراو! کێ باسی بنیاتنان دەکات؟

– زەویم بینی دابەشی کۆمەڵێک پارچە خاکی بەرین کرابوو بیریشم قەت لە کەشتییەوانەکە غافڵ نییە.

*

## ستران

ئەسپەکەم لە بن درەختێکی پڕ لە قومری وەستا ، چریکەیەک لێ دەدەم چریکەیەکی ئەمەندە پاک، پەیمان بۆ هیچ کەنارێک نەبێ کە ئەم هەموو ڕووبارانەیان لە باوەش گرتووە. (گەڵا زیندووەکانی بەیانیان وێنەی شکۆمەندیان هەیە)...

*

هەر ئەوەندە نییە پیاوێک غەمبار بێ، بەڵام هەڵسانەوە پێش ڕۆژهەڵاتن و بە ئەسپایی خۆگرتن لەناو بازرگانی پیرە درەختێک، چەناگە خستنە سەر دوا ئەستێرە، لە قووڵایی ئاسمانی بە ڕۆژوو شتە گەورە پاکەکان دەبینێ کە لە خۆشیان دەسووڕێنەوە...

*

ئەسپەکەم لە بن درەختێک وەستا کە دەخوێنێ، چریکەیەک لێدەدەم چریکەیەکی پاکتر... ئاشتیش لەگەڵ ئەوانە بێ کە لە سەرەمەرگن، کە قەت ئەم ڕۆژەیان نەبینی، بەڵام لە برا شاعیرەکەمەوە خەبەرمان بۆ هاتووە. ئەم جارەش شتێکی زۆر هێمنی نووسیوە. هەندێ کەس شتی لە بارەوە دەزانن.

*



## ناوەڕۆک

ئۆکتاڤیۆ پاز – بەردی سپی و ڕەش: 7
ژیان و بەرهەمی ئۆکتاڤیۆ پاز: 9
سان ژۆن پێرس – ئاناباز: 45
پێشەکیی وەرگێڕ: 47